
فێربوونی
Adobe Premiere CS3
بۆ فێربوونی
مۆنتاژ
نوسینی:
شێروان ئەحمەد محەمەد
Pr CS3

## لەم کتێبە فێری ئەمانە ببە ..

# Adobe Premiere CS3

- چۆنییەتی دابەزاندنی بەرنامەکە.
- شیکردنەوەی رووکاری بەرنامەکە.
- شیکردنەوەی لیستەکان.
- شیکردنەوەی ئامرازە گرنگەکانی بەرنامەکە.
- هێنانی دەنگ و رەنگ.
- جیاکردنەوەی دەنگ لە ڤیدیۆ.
- پاشەکەوت کردنی بە ڤیدیۆ و وێنە و دەنگ.



# فێربوونی بەرنامەی

# پریمەر CS3

Adobe Premiere CS3

نوسینی:

شێروان ئەحمەد محەمەد

**ناوی کتێب:** فێربوونی بەرنامەی پریمەرCS3.

**دانەر:** شێروان ئەحمەد محەمەد .

**تایپ و کۆمپیوتەر:** دارەوان ئەحمەد .

**بەرگ:** دانەر .

**ساڵ:** ٢٠١٣

# ناوەڕۆك ..


| بابـــــــــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| چۆنییەتی دابەزاندنی بەرنامەی پریمەر CS3 | ٦ |
| شیکردنەوەی رووکاری بەرنامەکە | ١٨ |
| شیکردنەوەی پە نجەرەی Program Sequence | ٢٠ |
| شیکردنەوەی پە نجەرەی کەرەستەکان Tool | ٢٣ |
| شیکردنەوەی شریتی لیستەکان Menu bar | ٣٦ |
| هێنانی ڤیدیۆ و وێنە و دەنگ | ٤٨ |
| هێنانی ڤیدیۆ یان وێنە یان دەنگ بۆ ناو Timeline | ٥٢ |
| شیکردنەوەی Timeline | ٦١ |
| هێنانی دەنگ و رەنگ | ٧١ |
| جیاکردنەوەی دەنگە لە ڤیدیۆ و گۆرینی بۆ دەنگێکی تر | ٧٣ |
| شیکردنەوەی Effect Control | ٧٧ |
| لابردنی جوڵە لە سەر ڤیدیۆ ئەگەر دروستمان کردبوو | ٩١ |
| هێنانی کاریگەری و ئیفێکت | ٩٣ |
| گۆڕینی ڤیدیۆی رەنگا و رەنگ بۆ رەش و سپی | ١٠٢ |
| بە پێچەوانەی پێشوو گۆڕینی رەش و سپی بۆ ڤیدیۆی رەنگا و رەنگ | ١٠٨ |
| چۆنییەتی کردنی ڤیدیۆ نیوەی رەنگاو رەنگ و نیوەی رەش و سپی | ١١٤ |
| تێکەڵ کردنی دوو ڤیدیۆ | ١٢٣ |
| چۆنییەتی رووناکردنەوەی ڤیدیۆ و تاریك کردنی | ١٢٩ |
| چۆنیەتی دانانی AVI | ١٣٤ |
| هێنانی AVI کە رەنگی پشتی شین بێت | ١٤١ |
| هێنانی نوسین لە پریمەر | ١٤٤ |
| چۆنییەتی پاشەکەوت کردنی بەشێوەی ڤیدیۆیی | ١٠٦ |
| چۆنییەتی پاشەکەوت کردنی بەشێوەی وێنە | ١٧٥ |
| چۆنییەتی پاشەکەوت کردنی تەنها دەنگ | ١٧٧ |

## پێشەکی ..

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**

سەرەتا دەستم کرد بە دانانی ئەم کتێبەی بەردەستت هیوادارم سوودی لێ وەربگری ئەوانەی کە زیاتریان پێ یە لەم کتێبەی ئێمە هەوڵ بدەن بیخەنە سەر کاغەز و شی بکەنەوە بۆ هەرتاکێکی کورد لە هەرشوێنێك بێت.

ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت لەم پەرتووکەدا باسی لێوە بکەین بەرنامەی ()ە، ئەم بەرنامەیە یەکێکە لە سەرکەوتوترین و بەهێزترین بەرنامە لە بواری مۆنتاژ کردنی فیلم و گۆرانی دەنگ و رەنگو  دروست کردنی ئەلبومی وێنەکانمان بە جوانترین ئیفێکت و جوانترین کوالێت کە زۆربەی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی و کەناڵەکان کاری پێدەکەن.

لەم کتێبەدا دەتوانن فێربن چۆن بۆنە و ئاهەنگەکان مۆنتاژ بکەن بە ئاسانترین رێگا و بە بێ مامۆستا.

بێگومان هیچ کارێك بەدەر نیە لە هەڵە، جا هەڵەی چاپ بێت یا هی تر، ئەگەر هەر هەڵەیەکیش هەبوو داوای لێبوردن دەکەم لە هەموو خوێنەرێك، چونکە ئەوەی پێم بوو خستومەتە ناو ئەم پەرتوکە.

هیوادارم ئەم کتێبە کەلێنێکی بچووك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە و هەموو لایەك سوودمەندبن.

بە هیوای سەرکەوتن

شێروان ئەحمەد محەمەد

٠٧٧٠١٣٥٣٤٦٦

Shrwn_ahmad@yahoo.com

## چۆنییەتی دابەزاندنی بەرنامەی پریمەر CS3 ..

ئەم فێرژنە لە ناو دی ڤی دی دایە لە گەڵ هەموو ڤێرژنەکانی کۆمپانیای ئەدۆب کە ناوی ADOBE CREATIVE SUITE 3 MASTER COLLECTION وەك ئافتەر ئیفێکت و فۆتۆشۆب و درێم ویڤەر چەند بەرنامەیەکی بەناوبانگی تری لە گەڵدایە بەلاّم ئەوەی ئێمە پێویستمانە و باسی لێوە دەکەین بەرنامەی Premierr CS3 یە بۆیە تەنها بەرنامەی Premierr CS3 دادەبەزێنین، سەرەتا دی ڤی دی یەکە دەخەینە شوێنی خوێندنەوەی دی ڤی دی کۆمپیوتەرەکەمان پاش کەمێك چاوەڕوانی ئەم شێوەیە دێتە پێشەوە.





کلیك لەو وێنەیی بازنە سورەکەی لەسەرە دەکەین کە لە تەنیشتی نوسراوە Install Adobe CS3 Master Collection دواتر ئەم شێوەیە دێتە پێشەوە تا پڕدەبێتەوەوەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




دوایی پڕبونەوەی ئەو شێوەیەی سەرەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دێتە پێشەوە.





بۆ بەردەوام بونمان کلیك لەسەر دوگمەی (قبول) دەکەین ئەم شێوەیەی خوارەوەمان بۆ دەکرێتەوە.




لەوێنەکەی سەرەوە دەبینین چەند بۆشایی یەکی داوە دەبێت کۆدی بەرنامەکە بنوسین ئەمەش کۆدەکەیە دەبێت بە بێ هەڵە بینوسینەوە

١٣٢٥-١٩٩٥-٢٦٨٣-٨٠١٧-٧٢٨٤-٨٥٢٩ ، بەم شێوەیەی خوارەوە پڕیدەکەینەوە.





دوواتر کلیك لەسەر دوگمەی (التالی) دەکەین ئەم بەشەی خوارەوەمان بۆ دەکرێتەوە.





لەو وێنەیەی سەرەوە ئەو بەشەی دەمانەوێت هێمای راستی لەسەر دادەنەین ئەوەی ئێمە پێویستمانە ئەویش Adobe PemiereCS3 و Adobe EncoderCS3 یە


هێمای راست لە تەنیشتیان دەردەکەوێت دوواتر کلیکی دوگمەی (التالی) دەکەین ئەم شێوەیەی خوارەوەمان بۆ دەکرێتەوە.





لە وێنەکەی سەرەوە شوێنی پاشەکەوت کردنی بەرنامەکەمان پیشان دەدات کە خۆی :C دیاری کردووە بۆمانی داناوە لە ئەدرێسی C:\Program Files\Adobe، دواتر کلیکی دوگمەی (التالی) دەکەین ئەم شێوەیەی خوارەوەمان بۆ دەکرێتەوە.




دوواتر دەست دەکەین بە دابەزاندنی بەرنامەکە کلیکی دوگمەی (تثبیت) دەکەین ئە شێوەیەی خوارەوەمان بۆدەکرێتەوە.



لە وێنەکەی سەروە چاوەڕێ دەکەین تا بە تەواوی ئەو دوو هێڵە پڕ دەبێتەوە و لە کۆتای دا ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە.




دواتر دوگمەی (نهایە) دادەگرین کە بە تەواوەتی بەرنامەکە دابەزیوە.

دوای دابەزاندنی بەرنامەکە دەچینە Start لەوێشەوە دەچینە All Program دواتر دەچینە Adobe Master Collection لە تەنیشتەوە چەند بەشیك دەردەکەوێت دەچینە سەر Adobe Premiere CS3 كلیك راست دەکەین دواتر دەچینە Send To بۆ Desktop دەینێرین کە ئەمە شێوەی ئایکۆنەکەیەتی.




دوواتر دوو كليك دەكەين لەسەر ئايكۆنەكە بەرنامەكە دەكرێتەوە بەم شێوەيەی خوارەوە.




لە وێنەكەی سەرەوە لە بەشی Recent Projects هەر پرۆژەيەك پێشوو كارمان لێكردبێت ئەوا يەك لەدوای يەك پيشانمان دەدات دەتوانين بە كليك كردن لەسەری دوبارە كاری لەسەر بكەينەوە،

وە لە بەشی خوارەوە لە سێ بەش پێك هاتووە


١- New Project: ئەم بەشە بۆ كردنەوەی پرۆژەيەكی نوێ يە،

٢- Open Project: بۆ کردنەوەی پڕۆژەی ئامادەکراو لە ناو کۆمپیوتەرەکەماندا هەیە دەتوانین ئەو پڕۆژەیە هەڵبژێرین،


٣- Help: بە کردنەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی بەرنامەکە کە بە زمانی ئینگلیزی ئامادەکراوە،

لەخوار ئەم سێ بەشەوە Exit هەیە دەتوانین هەر لێرەوە دەربچین لە بەرنامەکە نەچینە ناو بەرنامەکە وە.

ئێمە بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە کار لەسەر بەرنامەکە بکەین ئەوە دەچینە سەر New Project یەك کلیك دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە



ئەو وێنەیەی سەرەوە لەدوو Tab پێکهاتووە یەکەمجار کلیك لەسەر Custom Setting دەکەین بۆ ئەوەی ئەوکارەی دەیکەین دەبێت بەم جۆرە ئامادەی بکەین




لەلای چەپ یەکەم بەش General ە تایبەت مەندی یەکانی لەبەشی راستەوە دەردەکەوێت کە هەریەکەو کلیك لەسەر تیرەکەی بەرامبەری دەکەین ئەگەر بەم جۆرەی سەر وێنەکەی سەرەوە نەبو ئەوا وەك ئەم جۆرەی لێدەکەین

١- DV NTSC هەڵدەبژێرین.

٢- 29.27 frames/second دیاریدەکەین.

٣- D1/DV NTSC (0.9) هەڵدەبژێرین.


٤- Lower Filed First هەڵدەبژێرین .

٥- 30 fps Drop-Frame Timecode دیاریدەکەین .

٦- 32000 Hz دیاریدەکەین .

٧- Audio Samples هەڵدەبژێرین .


لە دووەم بەش Capture ە وەك لە وێنەی خوارەوە دیارە




لای راستی وێنەکەی سەرەوە DV Capture هەڵدەبژێرین

لە چوارەم بەشی لای چەپەوە بەشی Default Sequenceکلیك دەکەین


تایبەتمەندی یەکانی لای راستەوە دەردەکەوێت وەك ئە وێنەیەی خوارەوە




١- ئەو ژمارە سێیەی لەبەشی Video دیاری کراوە کاتێك بەرنامەکە دەکەینەوە سێ Trackمان هەیە،

٢- لەبەشی Audio لە Masterدا Stereo هەڵدەبژێرین،

دوواتر دەچینە سەرەوە کلیك لەسەر Load preset وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە




لەوێنەکەی سەرەوەدا کلیك لەسەر ئەو DV-NTSC دەکەین چەند جۆریك لە جۆری قەبارەی شاشەی پرۆژەکەمان هەیە ئیمە لێرەدا جۆری Standard 32kHzیەك کلیکی لەسەر دەکەین وە دەتوانین جۆرەکانی تر هەڵبژێرین هەر یەکە و پانی و درێژی لە ڕوی شاشەکەیەوە جیاوازە بۆ یە Standardهەڵدەبژێرین سەیری لای ڕاستی وێنەکەی سەرەوە دەکەین کە

(١-٢) وەسفی جۆرەکەیمان بۆ دەکات کە پێشتر خۆمان لەبەشی Custom Setting دیاریمانکرد کە پێشتر ئاماژەم پێکردووە


٣- بەشی Browse شوێنێك دیاریدەکەین بۆ ئەوەی ئەو کارەی دەیکەین لەو شوێنەی هەڵیدەبژێرین خەزن دەبێت.

٤- بەشی Name ناوێك بۆ كارەكەمان دەنوسین.

لە كۆتایدا كلیك لەسەر OK دەكەین.

# شیکردنەوەی رووکاری بەرنامەکە.

بەرنامەکە بەم شێوەیە دەکرێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە دەکرێتەوە ئەمە روکاری بەرناەکەیە.



له وێنەکەی سەرەوەدا لە چەند بەشێك پێکهاتووە کە یەکە بە یەکە باسیان لێوە دەکەم سەرەتا باسی بە کورتی باسی ئەو شوێنانەی کە چوارگۆشەیە باسیان دەکەم

١- فرمانەکانی Menu Bar ە کە هەر یەکەو لە چەند فرمانێکی گرنگ پێکهاتووە .

٢- هەر وێنەیەك یان ڤیدیۆیەك یان گۆرانی بێنین لەم بەشە دەردەکەوێت.

٣- لەبەشی دووەم دا کلیك لەهەر شتێك بکەین لەم بەشە دەتوانین کاری پێبکەین ئیشدەکات.

٤- پێکهاتووە لە سێ بەش هەر بەشەو تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بەشی یەکەم ڤیدیۆ و وێنە یان دەنگ دەتوانین بیکەینە بەشی (٧) یان پارچە پارچەی بکەین، وە بەشی دووەم ئیفێکتەکان دەتوانین گۆڕان کاریان تێدا بکەین، بەشی سێیەم بەشی Audio بۆ دەستکاری کردنی دەنگەکانە.

٥- ئەو کارەی ئەنجامی دەدەین لەم بەشە پیشانی دەدات کە ئەم بەشە لە بەشی Standard ە ،


٦- ئەم بەشەش لە سێ بەش پێك هاتووە یەکەم بەش بەشی یەکەم بۆ زانیاری لەسەر هەر ڤیدیۆ یەك یان وێنەیەك یان دەنگێك گلیك لەسەری دەکەین زانیاری لە رووی ماوەکەی و جۆرەکەی دەنوسێت، بەشی دووەم بۆ پیشاندانی ئیفێکتەکانە بۆ دەنگ و بۆ رەنگ وە بەش سێیەم بۆ ئەوە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە یان زیاتر بگەڕێیتەوە.

٧- هەر وێنەیەك یان دەنگێك بهێنین لەم بەشە دەستکاری دەکەین.

٨- کاتێك دەنگەکە کاردەکات ئەم بەشە چالاك دبێت و کاردەکات.

٩- ئەم بەشە کەرەستەکانە بۆ دەستکاریکردنی لەسەر وێنەکە یان ڤیدیۆکە یان بۆ دەنگەکان.

## شیکردنەوەی پەنجەرەی Program Sequence




١- کاتی سەرەتای ڤیدیۆ کە یان وێنەکە پیشاندەدات یان تیرەکە لە چ راستێك بێت ئەو کاتە دەنوسرێت.

٢- کاتی کۆتای ڤیدیۆ کە یان وێنەکە پیشاندەدات.

٣- بە کلیك کردن لەسەر تیری بەرامبەری قەبارەی شاشەکە گەورە وبچوکی دەکاتەوە باشتر وایە لەسەر Fit دایبنەین.

٤- Set In Point: بەکلیك کردن لەسەری سەرەتایەك دروست دەکات یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی I دابگرین.

٥- Set Out Point: بەکلیك کردن لەسەری کۆتی یەك دروست دەکات یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Oدابگرین.

٦- Go to In Point: بەکلیك کردن لەسەری دێتە ئەو سەرەتایەی دروستمان کردووە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Qدابگرین.

٧- Go to Out Point: بەکلیك کردن لەسەری دێتە ئەو کۆتای یەی کە دروستمان کردن یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Wدابگرین.

٨- Play In to Out: تەنها بۆ کارکردنی ئەو نێوانەی لە خاڵی ٦ – ٧ دروستمان کرد.

٩- Play\Stop Toggle: بۆ کارکردنی کارەکەمان یان دەتوانین لە داگرتنی Space لەسەر کیبۆردەکە ئەوە کاردەکات یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی (Space)دابگرین.

١٠- Step Forward: بۆ چونە پێش بردنی ڤیدیۆ کە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی (Right)دابگرین.

١١- Step Back: بۆ گەڕاندنەوەی بۆ دواوە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی (Left)دابگرین .

١٢- Go to Previous Edit Point: بۆ گەڕانەوەی بۆ سەرەتا یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی (Page Up)دابگرین.

١٣-  Go to Next Edit Point: بۆ چۆنە کۆتای یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیت (Page Down) دابگرین.

١٤-  Loop: بەکلیك کردن لەسەری بەردەوام کاردەکات کە چووە کۆتای دەگەڕێتەوە سەرەتا.

١٥-  Safe Margins: بۆ سنوردارکردنی ڤیدیۆ یان وێنە کە نابێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت.

١٦-  Output: ئەگەر لەسەر ئەو شێوەیەبێت ئەوە کارەکە وەك خۆی پیشاندەدات لە شاشەکەی سەرەوە، بەلاْم چەند جۆرێکی تری تیایە هەر یەکەو بەشێوەیەك لەسەرەوە پیشانی دەدات.

١٧-  Trim Monitor: بۆ کوردکردنەوە یان درێژکردنەوەی ئەو کارەی دەیکەین لە بەشی TimeLineدەردەکەوێت یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیت T دابگرین.

١٨-  Shuttle \ Jog بۆ چونە پێش و دوواوەی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەین.

## شیکردنەوەی پەنجەرەی کەرەستەکانTool



-١ Selection Tool: بۆ دیاریکردنە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی V دابگرین.

-٢ Ripple Edit Tool: بۆ گەورە و بچوك کردنەوەی ماوەی ڤیدیۆیەك وە هێنانی ڤیدیۆ دواتر بە تەنیشتییەوە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Bدابگرین.

-٣ Rate Stretch Tool: بۆ گەورە وبچوك کردنەوەی ڤیدیۆ یەك یان وێنەیەك بە پێچەوانەی سەرەوە بەشی دواوە نایەتە تەنیشتی یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی X دابگرین.

-٤ Slip Tool: لەسەر کارەکە کلیك دەکەین ماوەی سەرەتا و گۆتای مان نیشاندەدات لە خوار تیرەی ماوسەکە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Yدابگرین.

٥- Pen Tool: بۆ دروست کردنی خاڵ بۆ کاڵبونەوەی کارەکە یان نزم بونەوەی دەنگ بەلاّم بە داگرتنی دوگمەی Ctrl لەسەر کیبۆرد یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی P دابگرین.

٦- Hand Tool: بۆ ئەوەی بە ئاسانی هاتوچۆ بکەین لەناو TimeLineدا یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتیHدابگرین.

٧- Track Select Tool: بۆ دیاریکردن هەر بەشێك بمانەوێت یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی A دابگرین.

٨- Rolling Edit Tool: درێژکردنەوە و کەم کردنەوەی ماوەی دوو ڤیدیۆ یان دوو وێنە لە نێوانیان ماوسەکە پێشوو دووای پێدەکەین یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی N دابگرین.

٩- Razor Tool: بۆ بڕینی ڤیدیۆ یان وێنە یان دەنگێك بمانەوێت بیبڕین دەچینە سەر ئەو بەشەی دەمانەوێت یەك کلیك دەکەین دواتر دەبێتە دووپارچەوە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی C دابگرین.

١٠- Slide Tool: بۆ بەستنەوەی چەند پارچە ڤیدیۆ یەك یا چەند پارچە وێنەیەك کە دەتوانین ماوەکانیان کەم وزیاد بکەین بیّ ئەوەی لێك جیا ببنەوە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی U دابگرین.


١١-  Zoom Tool: بۆ درێژ بونەوەی Time Line یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Z دابگرین وە بە پێچەوانەوە دەتوانین لەسەر کیبۆرتەکە Alt+Zدابگرین ماوەکەی بچوك دەکاتەوە.

## Menu bar شیکردنەوەی شریتی لیستەکان





شریتی لیستەکان پێکهاتووە لە نۆ بەش هەریەکەو چەند فرمانێکی تایبەتی هەیە کە هەر هەموویان بۆ کاری گرنگ بەکاردێن ئێستا باسی فرمانە گرنگەکان دەکەم کە بۆ چی بەکاردێن.

### لیستی File:



١- New: بۆ کردنەوەی پەرێکی نوێ.

ئەم بەشە چەند بەشێکی لێدەێتەوە وەك.




١- Project: بۆ کردنەوەی پرۆژەیەکی نوێ کە دەتوانین بە Ctrl+Alt+N لەسەر کیبۆردەکە دایبگرین.

٢- Sequence: ئەم بەشە دەتوانی لەناو پرۆژەکە پرۆژەیەکی تر دروست بکەین بۆ Timeline بەش زیادبکەین وە دەتوانین بە Ctrl+N لە سەر کیبۆردەکە دایبگرین.

٣- Title: ئەم بەشە بۆ کردنەوەی نوسینە کە دواتر زیاتر باسی لێوە دەکەم وە دەتوانین بە Ctrl+T لە سەر کیبۆردەکە دایبگرین.

٤- Photoshop File: ئەم بەشە بۆ کردنەوەی فایلی فۆتۆشۆپە.


٥- bars and Tone: بۆ کردنەوەی بارِی سەرەتای دەست پێکردنی تەلەفیزیۆن بە دەنگ و رەنگ وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٦- Black Video: بۆ هێنانی ڤیدیۆیەکی ڕەش.

٧- Color matte: بۆ دروست کردنی ڕەنگێك بە ئارەزوی خۆمان کە وەك وێنە دەردەکەوێت.

٨- Universal Counting leader : ئەم بەشە بۆ دروست کردنی پێشەکییەك بەکاردێت ئەم بەشە دەکرێتەوە




بە ئارەزوی خومان ئەو ڕەنگانە دەگۆڕین بۆ جوانکردنی ڤیدیۆکە دواتر کلیکی OK دەکەین وەك ئەم شێوەیەی لێ دێت.




٩- Transparent Video: ئە بەشە بە شەفافی دەردەکەوێت کاتێك دروستی دەکەین.

٢- Open Project: بۆ کردنەوەی پرۆژەیەکی ئامادەکراو کە پێشتر هەڵمان گرتوە لێرەدا دەتوانین بیکەینەوە.

٣- Open Recent Project: بۆ کردنەوەی ئەو کارانەی پێشتر کردومانە دواتر دەرچووینە لێ ی لێرەوە دەیهێنینەوە.

٤- Browse: لەم بەشە کلیك دەکین پەنجەرەیك دەکرێتەوە دەتوانین هەر شتێکمان بوێت بە دوو کلیك لەسەری دێتە نو بەرنامەکەوە.


٥- Close Project: بۆ دەرچونمان لە کارەکە و دروستکردنی پرۆژەیەکی نوێ.

٦- Save: بۆ خەزن کردنی کارەکەمان بە پرۆژەیی.

٧- Save As: بۆ خەزن کردنی کارەکەمان بە ناوێکی ترەوە بە پرۆژەیی.


٨- Save a Copy: بۆ خەزن کردنی کارەکەمان و کۆپی کردنی لەشوێنێکی تر لەناوکۆمپیوتەرەکەمان هەر بە پرشۆژەیی.

٩- Revert: بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کارە کردومانە بۆ باری پێشوو بە کلیك کردن لەم بەش بۆکسێك دێتە پێشەوە




لەسەر دوگمەی Yes کلیك بکە ئەوە دەگەڕێتەوە باری پێشوو.

١٠- Capture: کلیك لەسەر ئەم بەشە دەکەین ئەم شێوەیە دێتە پێشەوە.





Capture بە کاردێت بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆ یەك لە کامێرا وە بۆ ناو بەرنامەی پرێمەر ئەوویش..

١- بۆ کارکردنی ڤیدیۆ کە و پێش و دوا پێکردن.

٢- بۆ بڕینی بەشێك لە ڤیدیۆ کە.

٣- بۆ تۆمارکردنی و پاشەکەت کردنی بۆناو بەرنامەی پریمەر.

١١- Adobe Dynamic Link: لە دووبەش پێك هاتووە ئەمانەن.




١- New After Effect Composition: بۆ کردنەوەی بەرنامە بەناوباگ After Effect خەزن کردنی بە After Effect.

٢- Import After Effect Composition : بۆ هێنانی هەر وێنەیەك یان ڤیدیۆ یەك لەناو پرۆژەی خەزن کراوی After Effect دا هەبێت دەتوانین بیهێنینە ناو بەرنامەی پریمەر.

١٢- Import: بۆ هێنانی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ.


١٣- Import Recent File: بۆ هێنانەوەی ئەو ڤیدیۆ یان وییێنە یان دەنگ کە پێشتر بەکارمان هێناوە لە ناو بەرنامەکە نەماوە ئەوە لەم بەشە دەیهێنینەوە.

١٤- Export: بۆ پاشەکەوت کردنی کارەکەمان بەچەند جۆرێك کە دوواتر باسیان لێوە دەکەم.

١٥- Get Properties for : لە دوبەش پێکهاتووە ئەمانەن.




١- File: بە کلیك کردن لەسەر ئەم بەشە چ فایلێك مان بوێت هەڵیدەبژێرین پەنجەرەیکمان بۆ دەکرێتەوە ئەویش هەموو زانیاریەکی دەربارەی فایلەکی تیا نوسراوە وە لە رووی شوێن و قەبارە و جۆری پانی و درێژی .... هتا.وەك ئەم وێنەیە.



٢- Selection: چ فایلێك دیاری بکەین لەبەشی پێشوو لەم بەش زانیارییەکان مان پیشاندەدات.

١٦- Reveal In Bridge: بۆ هێنانی دەنگ و رەنگ یان وێنە.

١٧- Exit: بۆ دەرچوون لە بەرنامەکە.

## لیستی Edit:




١- Undo: بۆ گرڕانەوەی هەنگاوێك بۆ دوواوە.

٢- Redo: بۆ گەڕانەوەی هەنگاوێك بۆ پیچشەوە.

٣- Cut: بۆ هەلگرتنی ئەو بەشەی دیاریمان کردووە.

٤- Copy: بۆ کۆپی کردنی ئەو بەشەی دیاری دەکەین.

٥- Past: بە کۆپی کردنی بەشێکی دیاریکراو ئەم بەشە چالاك دەبێت لە شوێنی مەبەست دایدەنەین.


٦- Clear: بۆ پاکردنەوە یان سڕینەوەی ئە پارچەیەی دیاریدەکەین.

٧- Ripple Delete: بۆ سڕینەوەی ئەو پارچەیەی دیاری دەکەین.

٨- Select All: بۆ دیاری کردنی هەموو ڤیدیۆ و وێنەوە دەنگ و رەنگێك.

٩- Deselect All: بە پێچەوانەی ژمارە ٨ .

١٠- label: بۆ گۆڕینی رەنگی ئەو وێنەیە یان ڤیدیۆ یان دەنگ بۆ ناو TimeLine بە ئارەزوی خۆمان رەنگەکەی دەگۆڕین بە یەك کلیك لەسەر ئەو رەنگەی دەمانەوێت وەك ئەم وێنەیە.





١١- Edit Original: بۆ کردنەوەی ئەو بەشی دیاریمان کردوە بە بەشیچوەی خۆی دەکرێتەوە.

١٢-Keyboard Customization: بۆ دیاریکردنی شۆرتکەرتی هەرشتێك بمانەوێت لە ناو بەرنامەکە.

١٣- Preferences: ئەم بەشە لە چەند بەشێکپێك هاتووە کە هەر یەکەیان کاریگەری خۆی هەیە وەك شوێنی خەزن کردنی ڤیدیۆ و رەنگ کردنی شێوەکەی و تاریك و رووناك کردنی روکاری بەرنامەکە.

## لیستی Project:




١- Project Settings: ئەم بەش لە سەرەتای کردنەوەی بەرنامەکە دایدەنێن بە چ جۆرێك بمانەوێت.


٢- Import Batch List: بۆ هێنانی فایل بە پاڵپشتی Batch List.

٣- Project Manager: بۆ خەزن کردنی بەرنامەکە لەناو فۆڵدەری تایبەت بەهەموو فایلەکانی ناو بەرنامەکە وەك وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ.

٤- Export Project as AAF: بۆ خەزن کردنی بەرنامەکە بە جۆری AAf.

## لیستی Clip:


ئەم لیستە فرمانی زۆر لە خۆگرتووە بەڵام من تەنها باس لە سێ فرمانی گرنگ دەکەم.




١- Rename: بۆ گۆڕینی ناوی فایلەکە.

٢- Enable: بەکلیك کردن لەسەری کاتێك هێمای راستەکە لەسەری نەما ئەوە لە شاشەکە دەرناکەوێت.

٣- Speed/Duration: بۆ خاو بوونەوە و پیچەوانەبونەوەی ڤیدیۆ کە کلیك لەسەر ئەو بەشە ڤیدیۆ یەی دەمانەوێت کلیك دەکەین ئەم پەنجەریە دوکرێتەوە





١- Speed: تا لە ١٠٠ بە خوارەوە بێت ئەوە ڤیدیۆ کە خاو دەبێتەوە و لە ١٠٠ بەسەروە بێت ئەوە ڤیدیۆ کە خێرادەبێت.

٢- Duration : دەتوانین خۆمان ماوەی ڤیدیۆ کە کەم زیاد بکەین خۆی لە بەشی Speed دیاری دەکات.

٣- Reverse Speed: بە کلیك کردن لەسەری ئەو پارچە ڤیدیۆ یەی دەمانەوێت پێچەوانە دەبێتەوە.

### لیستی Sequence:




١- Render Work Area: ئەم بەشە بۆ خەزن كردنی بەرنامەكەیە هەر لە شوێنی خۆی.

٢- Delete Render File: بۆ سڕینەوەی ئەو فایلانەی كە لە بەشی پێشوو خەزنمان كرد.


٣- Apply Video Transition: بۆ دانانی Video Transition لەسەرەتای ڤیدیۆكە یان وێنەكە كە لە گەڵ دەست پێكردنی بە كاڵی پیشانیدەدات تا تۆخ دەبێتەوە.

٤- Apply Audio Transition: لەسەرەتای دەنگ لە بەشی Audio كە لە گەڵ دەست پێكردنی بە دەنگێكی نزم تا بەرز دەبێتەوە.

٥- zoom In: بۆ گەورە كردنەوەی Timeline.

٦- Zoom Out: بۆ بچوك كردنەوەی Timeline.


٧- Add Track: بۆ زیادكردنی Track بۆ بەشی video و Audio وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- لە بەشی Video Tracks لەتەنیشت Add ژمارە چەند بنوسین ئەوەندە Track زیادەکات.

٢- لەبەشی Audio Tracks لەتەنیشت Add ژمارە چەند بنوسین ئەوەندە Track زیادەکات.

٨- Delete Track: بۆ سڕینەوەی ئەو Track ی نەمانەوێت دەیسڕینەوە لە بەشی Timelineوەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- لە بەشی Video Tracks لەتەنیشت چوارگۆشەی Delete Video Tracks هێمای راس دابنێ All Empty Tracks دیاریبکە.

٢- لە بەشی Audio Tracks لەتەنیشت چوارگۆشەی Delete Audio Tracks هێمای راس دابنێ All Empty Tracks دیاریبکە، دواتر کلیك لەسەر OK بکە دەبینین هەر Track یك لە بەشی Timelineدا بەتاڵ بوبێ سڕاوەتەوە.

## لیستی Title:

١- New Title: ئەم بەشە چەند بەشێکی لێدەبێتەوە بۆ هێنانی نوسین.







١- بۆ هێنانی نوسین کە دواتر باسی لێوەدەکەم.


٢- Based on Template: ئەم بەشە چەند نمونەییەکی نوسین و وێنەی ئامادەکراوی لە خۆ گرتووە.

٢- Font: ئەم بەشە بۆ گۆڕینی شێوەی نوسینەکەمانە بەکلیك کردن لەسەری دەتوانین ئەو نوسینەی خۆمان دەمانەویچت هەڵیبژێرین.

٣- Size: ئەم بەشە بۆ گەورە و بچوك کردنی نوسینەکەمانە بە کلیك کردن لەسەر ئەم هەر ژمارەیەك کە خۆمان بمانەوێت هەڵیدەبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٤- Type Alignment: بە کلیك کردن لەم بەشە دەتوانین نوسینەکە بە هەر لایەکدابێت بیبەین کە لە سێ بەش پێك هاتووە.




١- Left: بۆ بردنی نوسینەکە بەلای چەپ.

٢- Center: بۆ دانانی نوسینەکە لە ناوەڕاست.

٣- Right: بۆ بردنی نوسینەکە بەلای راست.


٥- Orientation: ئەم بەشە پێکهاتووە لە دوو بەش.




١- Horizontal: ئەم بەش کلیك دەکەین نوسینەکەمان بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەنوسرێت.

٢- Vertical: ئەم بەش کلیك دەکەین نوسینەکەمان بەشێوەیەکی ستونی دەنوسرێت.

٦- Tab stops: ئەم بەشە بە دروست کردنی نوسین بۆ چەند بەشێك بەکلیك کردن لەسەری ئەم بۆکسە دێتە پێشەوە.




بە كلیك كرن لەسەر ئەو تیرانەی لە ناو بازنەكە دایە دەتوانین وەك تیرەكانی خوارەوە ئاراستە كراوە بە لای راست و چەپ بیبەین دەتوانین نوسینەكە بكەینە چەند بەشێك دواتر OK دەكەین.

٧- Templates: ئەم بەشە چەند نمونەییەكی نوسین و وێنەی ئامادەكراوی لە خۆ گرتووە.

٨- Roll/Crawl Option: بۆ دروست كردنی جوڵە بەكار دێت بۆ نوسینەكەمان كە دوواتر باسی لێوە دەكەم.

٩- Logo: ئەم بەشە بۆ هێنانی لۆگۆی تایبەت بە خۆمانە.

١٠- Transform: ئەم بەشە لە چوار بەش پێكهاتووە.

١ ...Position
٢ ...Scale
٣ ...Rotation
٤ ...Opacity

١- Position: ئەم بەشە تایبەتە بردنی نوسینەكە بە هەرلایەك بمانەوێت.

٢- Scale: ئەم بەشە تایبەتە بە گەورە و بچوك کردنەوەی نوسینەکە.


٣- Rotation: ئەم بەشە تایبەتە بە خولاندنەوەی نوسینەکە بە هەرلایەك بمانەوێت.

٤- opacity: ئەم بەشە تایبەتە بە کاڵ بونەوەی نوسینەکە.

١١- Select: ئەم بەشە تایبەتە بە دیاری کردنی هەر نوسینێك بمانەوێت.

١٢- Arrange: لەم بەشەدا دەتوانین نوسینەکان بکینە پشت یەکترییەوە یان سەرەوەی یەکتری.

١٣- Position: ئەم بەشە لە سێ بەش پێکهاتووە.




١- Horizontal Center: ئەم بەشە تایبەتە بردنی نوسینەکە بە ئاسۆیی.


٢-Vertical Center: ئەم بەشە تایبەتە بردنی نوسینەکە بە ستوونی.


٣- Lower Third: ئەم بەشە تایبەتە بردنی نوسینەکە بۆ خوارەوە.

١٤- View: بۆ دەرکەوتنی شێوەکانی سەر نوسینەکە وەك پیشاندانی ڤیدیۆکە لە پشت نوسینەکەوە و هێنانی چوارچێوەی نوسینەکە.

## لیستی Window:

١- Workspace: ئەم بەشە بۆ ڕێکخستنی ڕووکاری بەرنامەکەیە کە لە چەند بەشێك پێکهاتووە وەك ئەمانەی خوارەوە.





New Workspace: بۆ خەزن کردنی روکاری بەرنامەکە بەناوێك کە هەمیشە بەو ڕووکارەی خۆت دات ناوە بکرێتەوە.

Delete Workspace: بۆ سڕینەوەی ئەوەی پێشوو کە بە ناوێك خەزنمان کردبوو.

Editing: کلیك دەکەین بۆ ئەوەی خۆی روکارێکی رێك مان بۆ دابنێ یاخود هەر پەنجەرەیەك لە شوێنی خۆی تێك چوو ئەوا کلیك لەسەر ئەم بەشەدەکەین خۆی رێکی دەکاتەوە editing .

٢- بە کلیك کردن لەسەر هەر بەشێك ئەوە دێتە ناو روکاری بەرنامەکەوە وە بە پێچەوانەشەوە کلیك بکەینەوە لەسەری ئەوا نامێنێ.

## لیستی Help:





ئەم بەشە زۆر گرنگە کاتێك لە هەرشتێك تێناگەین ئەوە دەچینە سەر Adobe Premire Pro Help یان راستەوخۆ لەسەر کیبۆرد F1 دادەگرین بەشی یارمەتی دەکرێتەوە هەرشتێکمان بوێت لێی فێردەبین بەس بە زمانی ئینگلیزی یە.


# هێنانی ڤیدیۆ و وێنە و دەنگ ..

ئەم بەشە زۆر گرنگە بۆ دروست کردنی مۆنتاژی فلمێك یان کلیب کردنی هەر گۆرانیەك بە هێنانی ڤیدیۆ و گۆرانیەکە دەتوانین دروستی بکەین.


سەرتا دەچینە File دواتر دەچینە Import یان دەتوانین لەسەر کیبۆردەکە Ctrl+I دابگرین، وەك ئەو چوارگۆشەیەی لە وێنەکەی خوارەوە دیارە،




یان دەتوانین لەناو بۆشایی پەنجەرەی Project لە بەشی Name کە لای چەپی بەرنامەکەوەیە دەبڵ کلیك دەکەین، وەك لەم وێنەیە دیارە ئەو بەشەی چوارگۆشەکەی پێوەیە.




دوای ئەوەی یەکێ لەو کارانەی سەرەوەمان ئەنجام دا ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە بۆمان.




١- لە بەشی Look in دا دەتوانین بچینە ئەو فۆڵدەرەی دەمانەوێت ڤیدیۆ یان دەنگ یان وێنە کە بێنین.


٢- بەکلیك کردن لەسەر ئەو فایلەی خۆت دەتەوێت یەك کلیك بکە یان دەبلّ کلیك لەسەری بکە.

٣- دەتوانین کلیکی Open بکەین دێتە ناو بەرنامەکەوە.

٤- هەر فۆڵدەرێك بمانەوێت بە تەواوی بێنینە ناو بەرنامەکە یەك کلیك لەسەری دەکەین.

٥- بەکلیك کردن لەسر فۆڵدەرەکە Import Folder چالاك دەبێت کلیك لەسەری دەکەین فۆڵدەرەکە و تەواوی فایلەکانی ناو فۆڵدەرەکە دێتە ناو بەرنامەکەوە.

بروانە ئەو وێنەیەی خوارەوە.





١- بەو بەشەی کە لە وێنەکەی لەسەرەوە دیاری کراون ئەو فایلانەن کە بە Open هێناومانە.


٢- ئەفۆڵدەرەی لە وێنەکەدا دیارە ئەوە بە Import Folder کردومانەتەوە و دەتوانین لە تەنیشت فۆڵدەرەکە کلیك لەسەر تیرەکە دەکەین هەر فایلێك لەناو فۆڵدەرەکە بێت دەردەکەوێت.

## هێنانی ڤیدیۆ یان وێنە یان دەنگ بۆ ناو Timeline


بڕوانە ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- هەر ڤیدیۆیەك هەبێت یان وێنەیەك دەتوانین بە ڕاكێشان بۆ ناو بەشی ١ بەشی Video كە لە وێنەكەی سەرەوە دیارە دواتر كلیك لەسەری لادەبەین لە هەر شوێنێكی بتەوێت جێگیر دەبێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





لەئەنجامدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەچێت.





یاخود دەتوانین لە بەشی Project هەر ڤیدیۆ یەك یان وێنەیەك مان بوێت دوو كلیك دەكەین لەسەری دەبینین لە پەنجەرەی Source دەردەكەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە.




١- ئەم بەشە بە راكێشانی ڤیدیۆ كە بۆ ناو پەنجەرەی Timeline بە راكێشانی تا دەگاتە ناو بەشی Video دواتر دەست لە كلیكەكە بەردەدەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



بەم شێوەیەی خوارەوە جێگیر دەبێت.





٢- Set In Point: بەکلیك کردن لەسەری سەرەتایەك دروست دەکات ئەگەرلە هەر شوێنێك بمانەوێت بیبڕین یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی I دابگرین وەك ئەم ویچنەیەی خوارەوە.





٣- Set Out Point: بەکلیك کردن لەسەری کۆتای یەك دروست دەکات لەگەڵ خاڵی دووەم دەتوانین تەنها ئەو پارچەیە رابکێشینە ناو Timeline بۆ ناو بەشی Video یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Oدابگرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە راكێشانی لەناو پەنجەرەكە بۆ ناو بەشی Video تەنا دەتوانین ئەو پارچەیەی ئامادەمان كردووە لەبەشی ١ و ٢ وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەم شێوەیەی خوارە توانیمان تەنها ئەو پارچەیەی بڕیومانە بێنینە ناو بەشی Video.




ئەگەر بمانەوێت پارچەیەكی تریش بێنینە دوای ئەو ڤیدیۆ یەی هەمانە لە ناو ڤیدیۆكەی ناو بەشی Timeline دووبارە بە راكێشانی پارچە ڤیدیۆكە بۆ كۆتای

ڤیدیۆکەی تر وەك پێشوو باسی راکێشانیمان کرد بۆ ناو بەشی Video بەم شێوەیەی خوارەوە لێدێت.




بۆ سڕینەوەی ئەو دوو سەرەتا و کۆتاییە یەی داماناوبە بەم شێوەیەی خوارەوە دەسڕینەوە.




لەسەر ئەو سەرەتا و کۆتاییەکەی دروستمان کرد کلیك راست دەکەین دەچینە سەر Clear Clip Marker سێ بەشمان بۆ دەکرێتەوە وەك ئەمانە.

١- In and Out: بۆ سڕینەوەی سەرەتاو کۆتاییەکە.

٢- In: بۆ سڕینەوەی سەرەتاکە.

٣- Out: بۆ سڕینەوەی کۆتاییەکە.

٤- Go to In Point: بەکلیك کردن لەسەری دێتە ئەو سەرەتایەی دروستمان کردووە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Qدابگرین.

٥- Go to Out Point: بەکلیك کردن لەسەری دێتە ئەو کۆتای یەی کە دروستمان کردن یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی Wدابگرین.

٦- Play In to Out: تەنها بۆ کارکردنی ئەو نێوانەی لە خاڵی ٤ – ٥ دروستمان کرد.

٧- Play\Stop Toggle: بۆ کارکردنی کارەکەمان یان دەتوانین لە داگرتنی Space لەسەر کیبۆردەکە ئەوە کاردەکات یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی (Space)دابگرین.

٨- Step Forward: بۆ چونە پێش بردنی ڤیدیۆ کە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی (Right)دابگرین.


٩- Step Back: بۆ گەڕاندنەوەی بۆ دواوە یان دەتوانین لەسەر کیبۆرد پیتی (Left)دابگرین .


١٠- Go to Previous Marker: بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو سەرەتایەی دروستمان کردووە.

١١- Go to Next Marker: بۆ چۆنە کۆتای یەی دروستمان کردووە.

١٢-  Shuttle \ Jog: بۆ چونە پێش و دوواوەی ئەو ڤیدیۆ یەی دەمانەوێت.


١٣-  Loop: بەكلیك كردن لەسەری بەردەوام كاردەكات كە چووە كۆتای دەگەڕێتەوە سەرەتا.

١٤-  Insert/Overlay: بەكلیك كردن لەم دوو بەشە دەتوانین ئەو پارچەیەی ئامادەمان كردبوو دێتە ناو بەشی Video یان ڤیدیۆكە بە تەواوەتی بیهێنین دەبێت ئەو تیرە سوورەی لەناو بەشی Timeline لە كۆتایی ڤیدیۆ كە دایدەنێین یاخوود چەند ڤیدیۆ مان بوێت بێنینە ناو بەشی Video وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە دوو ڤیدیۆی جیاوازم هێناوە.





١٥- Toggle track Audio and Video ئەم بەشە لە ناوەكەیەوە دیارە بە كلیك كردن لەسەری ڤیدیۆ لەدەنگ جیادەكاتەوە وەك بەشە كانی پێشوو هەر بەشێكیمان بوێت رایدەكێشینە ناو بەشی Video.

٢- تەنها دەتوانین دەنگ دابنەین لەم بەشە دەتوانین بە راکێشان بۆ ناو بەشی ٢ کە لە وێنەکەی سەرەوە دیارە دواتر کلیك لەسەری لادەبەین لە هەر شوێنێکی بتەوێت جێگیر دەبێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





دوای راکێشانی دەنگەکە بۆ ناو بەشی Audio بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت.




یاخود دەتوانین لە بەشی Project هەر دەنگێك مان بوێت دوو کلیك دەکەین لە سەری دەبینین لە پەنجەرەی Source دەردەکەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە.





وەك چۆن لە بەشی ڤیدیۆ کامان لەسەر کۆنترۆڵەکانی کرد بە هەمان شێوە بەکاریان بێنین بۆ دەنگ بۆ بردنە ناو بەشی Audio چەند پارچە بێنینە دوای یەك لە بەشی Audio دەتوانین دایان بنێین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



## شیکردنەوەی Timeline:

١- **بەشی** Video: وێنەیەك یان ڤیدیۆ یەك دێنینە ناو بەشی Video دەتوانین چەند کارێکی لەسەری ئەنجام بدەین من لێرە ڤیدیۆیەکم بەکار هێناوە کە لەسەر ڤیدیۆکە ناوەکەی وجۆرەکەیمان پیشاندەدات.





لە لای چەپی Timeline ئەتوانین چەند کارێك بکەین وەك ئەمانەی خوارەوە.





١-  بە کلیك کردن لە سەر ئەو وێنەی چاوە ئەوە هەر شتێك لەو بەشە هەبێت لەناو شاشەکە دەرناکەوێت دوبارە کلیك کردن لەسەر وێنەی چاوەکە ئەوە کارەکەمان لە شاشەکەوە دەردەکەوێت.

٢- بەکلیك کردن لەسەر ئەو چواگۆشە بچوکە وێنەی قوفڵێ دێتە سەری ئەوە بە هیچ جۆرێك ناتوانیت دەستکاری ئەو بەشە بکەیین هیچ ڤیدیۆ یەك یان وێنەیەك بێنینە ئەو بەشەوە وەك ئەم وێنەیەی لێدێت،




وە بە دوبارە کلیك کردن لەسەری ئەوە ئاسایی دەبێتەوە و دەتوانیت بە ئارەزوی خۆمان دەستکاری بکەین.

٣- بەکلیك کردن لەسەر ئە سێ گۆشە بچوکە چەند بەشێك دەکرێتەوە وەك ئەمانە.




١- Show Head and Tail: بۆ ئەوەی ڤیدیۆکە یان وێنەکە لەسەرەتا و لەکۆتای پیشانی بدات و ناوەندی یەك رنگ بێت وەك ئەم وێنەیە.




٢- Show Head Only: بۆ ئەوەی تەنها لەسەرەتا بەشێك لە ڤیدیۆکە یان وێنەکە پیشانبدات وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





٣- Show Frames: بۆ پیشاندانی لە هەر فرەیمێك دا بەشێك لە ویچنەكە یان ڤیدیۆ پیشاندەدات.





٤- Show Name Only: لەم بەشەدا تەنها ناوەكە پیشاندەدات.





٤-  كلیك لەسەر سێگۆشە بچوكەكەی دەكین چەد بەشێكی لێدەبێتەوە وەك ئەمانە.





١- Show Keyframes: ئەم بەشە بەكلیك كردن لەسەری بە هێنانی چەند ئیفێكتێكی ئامادەكراو هەر لەسەر وێنەكە یان ڤیدیۆ كە پیشانی دەدات وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە لە ناو ئەو لاكێشەیەدایە.





کاتێك کلیکمان کردن لەسەر ئەو سێگۆشە بچوکەی ناو وێنەکە یاخود ڤیدیۆ کە ئەوا چند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە وە ك ئەمانە.




١- Motion: ئم بەشە بۆ دروست کردنی جولە بەکاردێت کە خۆی لە چەند بەشێك گرتووە ئەمانەن.




١- Position: بە کلیك کردن لە سەر ئەم بەشە دەتوانین لەسەر هێلی ناوەندی ڤیدیۆکە یان وێنەکە کاربکەین بۆ سەرەوە بۆ خوارەوە واتا لە شاشەکەدا بەلای راست و چەپ و بەرەو سەرەوە و بەرەوە خوارەوە دەڕوات وەك ئەم وێنەیە کە هێڵێی لەناوەراستدایە ئەوەی لەناو لاکێشەکەدا دیارە.




٢- Scale: ئە بەشە دەتوانین هەر لەسەر هەمان هێڵی پێشوو بۆخوارەوە هێڵکە ڕابکێشین ڤیدیۆکە یان وێنەکە بچوك دەبێتەوە و بە پێچەوانەوە بەرەو سەرەو رایبکێشین گەورە دەبێتەوە کە لە خوار ماوسەکە ژمارەی گەورە و بچوك کردنەوەمان پیشاندەدات.

٣- Uniform Scale: ئەم بەشە دەتوانین لە روی پانی و درێژییەوە گەرەو بجوکی بکەینەوە.

٤- Rotation: لەم بەشەدا دەتوانین هەر لەسەر هەمان هێڵی پێشوو باسمان کرد بە ئارەزووی خۆمان بە هەر لایەکدا بمانەوێت دەیسوڕێنین.

٥- Anchor Point: ئەم بەشە دەتوانین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڕوات وەك بەرەو لای راست یان بەرەو لای چەپ یاخود بەرەو سەرەوە یان بەرەو خوارەوە.

٢- Opacity: ئەم بەشە بۆ کاڵبونەوەی کارەکەمان ئەگەر بمانەوێت کاڵیبکەینەوە ئەوە کلیك لەسەر Opacityدەکەین وەك ئەم وێنەیە.



دەتوانین لەسەر هێڵی ناوەرات بەرەو خوارەوە کاڵی بکەینەوە و بەرەو سەرەوە وەك خۆی لێبکەینەوە.

٣-Time Remapping: ئە بەشە بۆخێراکردنی ڤیدیۆ یان خاو بونەوە بەکاردێت ئەگەر هێڵەکە بەرەو سەرەوە بەرین ئەوا خاو دەبێتەوە وە ئەگەر بەرەو خوارەوەی بەرین ئەوا خێرا دەبێت وە لە خوار ماوسەکەمانەوە ئاماژە بەژمارەکە دەکرێت.





٢- Show Opacity Handles: بۆ نەمانی ئەو بەشەی لەسەر ڤیدیۆ کە یان وێنەکە دەردەچێت کە پێشتر کارمان لەسەری دەکرد Motion وەك ئەم وێنەیە.





٣- Hide Keyforms: بۆ نەمانی هیچ شتێك لەسەر ڤیدیۆکە یان وێنەکە وەك Motion و هێڵی ناوەراستی وەك ئەم وێنەیە.



٥-  ئەم بەشە بەکلیك کردن لەسەر ئەو خاڵە کە دواتر لەسەر هێڵەکەی ناوەراست دەردەکەوێت دەتوانین ئەو کارانەی کەلە خاڵەکانی پێشوو باسمان کرد دەتوانین لە نێوان چەند خاڵێك بە کاریبێنین چ بەشێکمان بوێتوەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



٢- **بەشی** Audio: دەنگێك دێنینە ناو بەشی Audio دەتوانین چەند كارێكی لەسەری ئەنجام بدەین.





لە لای چەپی Timeline ئەتوانین چەند كارێك بكەین وەك ئەمانەی خوارەوە.





١-  كلیك لەسەر ئەم چوارگۆشە بچوكە دەكەین وێنەی بڵندگۆیەكە ئەوە دەنگەكە نامێنێت بێدەنگ دەبێت بە دوبارە كلیك كردن لەسەری دەنگەكە دەگەڕێتەوە كاردەكات.

٢-  لە بەشە كلیك دەكەین وێنەی قوفڵێ دەردەچێت بەم شێوەیە ناتوانین هیچ گۆڕانكاری یەك لەم دەنگەكە بكەین وە ناتوانین هیچ دەنگێكی تر بێنینە ئەم بەشەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وە بە دوبارە کلیك کردن لەسەری ئەوە ئاسایی دەبێتەوە و دەتوانیت بە ئارەزوی خۆمان دەستکاری بکەین.

-٣ ئەم بەشە دەرکەوتنی شێوەیە لەسەر دەنگەکە خۆی لەدوبەش گرتووە ئەویش ئەمانەن.




-١ Show Wavefrom: ئەم بەشە بۆ دەرکەوتنی شێوەی شەپۆلی دەنگ لەسەر دەنگەکە دەردەکەوێت وەك ئەم شێوەیەی خوارەوەیە.




-٢ Show Name Only: ئەم بەشە بۆ نەمانی شێوەی شەپۆلی دەنگەکەیە و تەنها هێڵەکەی ناوەراست دەردەکەوێت وەك ئەم شێوەیەی خوارەوەیە.



٤-  ئەم بەشە بەکلیك کردن لەسەری ئەو خاڵە کە دواتر لەسەر هێڵەکەی ناوەراست دەردەکەوێت ئەویش بە دانانی ئەو هێڵەی بەسەر دەنگەکەدا دەرِوات لە هەرکوێیەك رایبگرین و کلیك لەسەر خاڵەکە بکەین ئەوە خاڵ دروست دەبێت وە دەتوانین نزم کردنەوە و بەرز کردنەوەی دەنگەکە لەنێوانی ئەو خالآنەی دایدەنەین ئەنجامی بدەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




یاخود دەتوانین کاتێك گۆرانیەکە کۆتای پێهات دەنگی وردە وردە کەم بێتەوە وەك شێوەیەی خوارەوەیە.





هەر خالێك بەرەوە خوارەوە بەرین ئەوا دەنگەکەی کەم دەبێتەوە.

## هێنانی دەنگ و ڕەنگ ..

لەم بەشەدا دەتوانین دەنگ و ڕەنگ بێنین دەنگەکەی لێ جیابکەینەوە بەچەند شێوەیەك دەتوانین ئەم کارە ئەنجامبدەین و دەنگێکی تر بە ئارەزوی خۆمان بێنین کاری لەسەر بکەین.

سەرەتا ڤیدیۆ یەکی دەنگ و ڕەنگ دێنین بە داگرتنی کلیکی ڕاست و ڕاکێشانی بێ ئەوەی پەنجە بەربدەین لە کلیکەکە بۆ ناو Timeline ئەوجا پەنجە هەڵدەگرین دەبینین ڤیدیۆ دەچێتە بەشی Video وە دەنگەکەی دەچێتە بەشی Audio وە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وەك ئەم شێوەیەی خوارەوە لێدێت.




هەر ڤیدیۆ یەکی ترمان بوێت دێنینە کۆتای ئەو ڤیدیۆ یەی پێشوو وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




# جیاکردنەوەی دەنگە لە ڤیدیۆ و گۆڕینی بۆ دەنگێکی تر:

دەتوانی بەسێ ڕێگا دەنگەکە جیابکەینەوە.

١- كليك راست دەكەين لەسەر دەنگ و رەنگەكە Unlike هەڵدەبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





٢- دەچینە شریتی لیستەكان كليك لەسەر Clip بكەین دواتر دەچینە سەر Unlink هەڵبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٣- بە داگرتنی دوگمەی Alt لەسەر کیبۆردەکە کلیك کردن لەسەر دەنگەکە بکەین ئەوا لێك جیادەبنەوە و دواتر دوگمەی Delete لەسەر کیبۆردەکە دادەگرین ئەو دەنگە دەسڕدرێتەوە و دەتوانین دەنگێکی تر بێنینە ناو بەشی Audio .


بۆ هێنانی دەنگێکی تر دەچینە پەنجەرەی Project هەر دەنگێك مان بوێت رایدەکێشینە بەشی Audio دواتر دەست لە کلیکەکە بەردەدەین دەنگەکە جێگیر دەبێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وەك ئەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت.




ئەگەر بمانەوێت دووبارە دەنگەكە لەگەڵ ڤیدیۆكە بلكێنی ئەوا كلیكی دووگمەی Ctrl+Shift لەسەر كیبۆردەكە دادەگرین یەك كلیك لەسەر ڤیدیۆكە دەكەین دواتر یەك كلیك لەسەر دەنگەكە دەكەین دەست لەسەر Ctrl+Shift هەڵدەگرین لەسەر ڤیدیۆكە یان دەنگەكە كلیك راست دەكەین Link هەڵدەبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



Cut
Copy
Paste Attributes
Clear
Ripple Delete
Replace With Clip
Enable
Link
Group
Ungroup
Synchronize
Multi-Camera
Speed/Duration...
Frame Hold...
Field Options...
Frame Blend
Scale to Frame Size
Audio Gain...
Rename...
Reveal in Project
Edit Original
Edit in Adobe Soundbooth
Properties
00;00;00;00
Timeline: Sequence 01
00;00;00;04
Video 3
Video 2
Video 1
Audio 1
Dang u Rang
Beethoven's Symphony No. 9 (Scherzo).wma

## شیکردنەوەی Effect Control :


ئەم پەنجەرەی تایبەتە بەو ڤیدیۆیە یان ئەو وێنەیەی کاری لەسەر دەکەین کە دەکەوێتە سەروەی Timeline کە سەرەتا ڤیدیۆیەکی دەنگ و رەنگ دێنین وەك ئەم شێوەیەی خوارەوە.




کلیك لەسەر ڤیدیۆکە دەکەین دەمانەوێت هەر جولێك لەسەری ئەنجام بدەین لەبەشی یاخود هەر کارێکی جوان ئەنجام بدەین ئەوا دەچینە بەشی Effect Controls وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- Motion: ئەم بەشە خۆی لەچەند بەشێك گرتووە کە تایبەتە بە پێدانی جوڵە بە چ شێوەیەك بمانەوێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- Position: ئەم بەشە بۆ رۆشتنی ڤیدیۆکە بۆ لای چەپ و راست ویخود بۆ سەرەوە بۆ خوارەوە ئەوویش بە کەم کردنەوەی ئەو ژمارانەی بەرامبەری کە لە نا بازنەکەدایە بەشێوەیەك کە دەچینە سەر ژمارەکە شێوەی ماوسەکە دەگۆڕدرێت بۆ شێوەی دەستێك و تیرێك بە ئارەزوی خۆمان دەیگۆڕین، وە بۆ بینی کارەکەمان ئەوا لەبەشی لە پەنجەرەی Program لەشاشەکە دەردەکەوێت بۆ نمونە من بە لای راست و بۆ سەرەوەم بردوە بەم شێوەیە.

بەلای راست کە بم شێوەیە ژمارەکە دەگۆڕدرێت.






بەرەوەسەرەوە بەم شێوەیە ژمارەکان دەگۆڕدرێن.









وە دەتوانین بە کەم کردنەوە و زیادکردنی ژمارەکان بە هەموو لایەك ببیەین.

بەلاَم دەتوانین جوڵە دروست بکەین بمانەوێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڕوات ئەویش بە کلیك کردن لەسەر ئەو بازنە بچوکەی تەنیشت Position وەك ئەم وێنەیە.



لە هەرشوێنێك بمانەوێت بجوڵێتەوە لەو بۆشایەی ناو بازنەکە



دەتوانین تیرەکە بەرینە کوێ دایدەنەین دواتر ژمارەکان دەگۆڕین دەبینی خاڵێك دروست دەبێت بە کارپێکردنی ڤیدیۆکە جوڵەکە دەردەکەوێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



من بەم شێوەیە جوڵاندومەتەوە



یاخود دەتوانی بە ماوسەکە لەسەر ڤیدیۆکە بە هەرلایەکدا بمانەوێت دەیبەین بەڵام دەبێت وەك پێشوو تیرە سوورەکە بەرینە ئەو شوێنەی دەمانەوێت خاڵێك دروست بکات.

دە توانین دوو ڤیدیۆ یان چەند ڤیدیۆیەك کە خۆمان وەك ئیفێکتێك جوڵەی بدەینێ بە ڕۆشتنی ڤیدیۆ کە بەهەر لایەکی شاشەکە بۆ نموونە من لەم وێنەیەدا دوو ڤیدیۆم هێناوە بۆ بەشی Video1وVideo2 کاتێك Video1 بەجوڵیەك دەڕوات بەلای چەپدا Video2 دێت بەدوایدا بەڵام دەتوانین بەهەر لایەك بمانەوێت بڕوات وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وەك ئەم شێوەیەی خوارەوە لێدێت.



بە لابردنی هەر خاڵی جوڵە یەك یان هەڵەیەك لە دروست كردنی جوڵەكە ئەوا كلیك لەسەر ئەو خاڵە دەكەین و رەنگەكەی دەگۆڕدرێت و دواتر لەسەر كیبۆردەكە دووگمەی Delete دادەگرین وەك ئەم شێوەیەی خوارەوە.




٢- Scale: ئەم بەشە بۆ گەورە و بچوك كردنەوەی ڤیدیۆكە بەكاردێت كاتێك ژمارەكە دەگۆڕێن بە كلیك كردن لەسەر بازنە بچوكەكەی تەنیشتی دەتوانین بە جوڵە گەورە و بچوك ببێتەوە كە لە بەشی Position باسی دروستكردنی جوڵەم كردووە یاخود دەتوانین بەكلیك كردن لەسەر سێگۆشەكە تەنیشتی بەشێكمان بۆ دەكرێتەوە ئەویش بە پێدانی ژمارە 0 تا 100 دەتوانین گەورە و بچوكی بكەینەوە وەك ئە وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیە دەردەچێت.




دەشتوانین هەر لەناو پەنجەرەی پیشاندانی ڤیدیۆکە لەسەر ئەو خالآنەی لە سەر ڤیدیۆ کەیە گەورەو بچوکی بکەینەوە.

دە توانین دوو ڤیدیۆ یان چەند ڤیدیۆیەك کە خۆمان وەك ئیفێکتێك جوڵەی بدەینێ بە ڕۆشتنی ڤیدیۆکە بە بچوکی لەسەر ڤیدیۆیەکی تر بۆ نموونە من لەم وێنەیەدا سێ ڤیدیۆم هێناوە بۆ بەشی Video1وVideo2وVideo3 کاتێكVideo1 دەستکاری نەکراوە و Video2وVideo3 بچوك کراوەتەوە بەسەر Video1دا دەتوانین بەهەر لایەك بمانەوێت بڕون بە هەر لایەکدا ئەوا ئەو گۆڕانکارییە لەبەشی Position ئەنجام دەدەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وەك ئەم شێوەیەی لێدێت.




٣- Uniform Scale: بەكلیك كردن لەسەر چوارگۆشەكەی تەنیشتی هێمای راستی پێویە كاتێك هێماكە نەما لەسەرەوەی Uniform Scale بەشی Scale Width چالاك دەبێت Scale دەبێتە Scale height كە ئاماژەیە بۆ گەورە و بچوك كردنی بە لای بەرزی بە لای پانی وەك ئەم وێنەیە.




١- Scale Height: ئەم بەشە بە گۆڕینی ژمارەكەی دەتوانین گەورە و بچوكی بكەینەوە لە باری درێژی یاخود هەر لەسەر ڤیدیۆكە دەتوانین بە گەورە و بچوك كردن لە سەری لەناو پەنجەرەی پیشاندانی ڤیدیۆكە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





٢- Scale Width: ئەم بەشە بە گۆڕینی ژمارەکەی دەتوانین گەورە و بچوکی بکەینەوە لە باری پانی یاخود هەر لەسەر ڤیدیۆکە دەتوانین بە گەورە و بچوك کردن لە سەری لەناو پەنجەرەی پیشاندانی ڤیدیۆکە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٤- Rotation: ئەم بەشە بۆ خولاندنەوەی ڤیدیۆ کە کاتێك بمانەوێت بەر بارێکدا بیخولێنینەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.

لەم بەشەشدا دەتوانین کاری جوان بکەین بە چەند ڤیدیۆیەك وەك بەشەکانی پێشوو تر.





بە سوڕاندنی ئەو بازنەیەی لە خوار ژمارەکەوەیە بەهەر لایەك بمانەوێت دەخولێتەوە ، لە هەمان کاتەدا دەتوانین لەسەر بازنە بچوکەکەی تەنیشتی کە تایبەتە بە جوڵە وەك بەشەکانی پێشوو جوڵەی بدەینێ وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





هەروەها دەتوانین هەر لەسەر ڤیدیۆکە لە پەنجەرەی پیشاندانی ڤیدیۆکە کاتێك دەچینە سووەکانی شێوەی ماوسەکە دەگۆڕدرێت بۆ شێوەی ئامادەکردنی بۆ خولاندنەوە.

دە توانین دوو ڤیدیۆ یان چەند ڤیدیۆیەك کە خۆمان وەك ئیفێکتێك جوڵەی بدەینێ بە ڕۆشتنی ڤیدیۆکە بە شێوەی خولاندنەوە وبە بچوکی کەلەبەشی Scale بچوکی دەکەینەوە لەسەر ڤیدیۆیەکی تر دایدەنەین بۆ نموونە من لەم وێنەیەدا سێ ڤیدیۆم هێناوە بۆ بەشی Video1وVideo2وVideo3 کاتێكVideo1 دەستکاری نەکراوە و Video2وVideo3 بچوك کراوەتەوە و خولاونەتەوە بەسەر Video1دا دەتوانین

بەهەر لایەك بمانەوێت بیخولێنینەوە یان بڕون بە هەر لایەكدا ئەوا ئەو گۆڕانكارییە لەبەشی Position ئەنجام دەدەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.




٥- Anchor Point: ئەم بەشە بۆ جولاندنی بە لای ڕاست و چەپ یاخود بۆ بەرزی و نزمی كە لە هەر شوێنێك بمانەوێت دەست پێبكات هەر لەو شوێنەوە دەجولێت بە بردنی ماوسەكە بۆ سەر ژمارەكە كاتێك شێوەی ماوسەكە دەگۆڕێت كە ژمارەی یەكەم بۆ لای ڕاست و چەپە و ژمارەی دووەم بۆ بەرزی و نزمی یە وەك گۆڕینی ئەم ژمارەیە وەك ئەم شێوەیە.




وەك ئەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت.




٦- Reset: بەكلیك كردن لەسەر ئەم ئەم بەشە هەر جولەیەكمان دابێتە ڤیدیۆ كە ئەوا نامێنێت و دەگەڕێتەوە باری پێشوو.

٢- Opacity: ئەم بەشە تەنها خۆی لە یەك بەش گرتوە ئەویش بە كلیك كردن لەسەر ئەو تیرە بچوكەی تەنیشتی بەشی Opacity مان بۆ دەكرێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





١- Opacity: بە كەم كردنەوەی ئەو ژمارە 100% لەناو بازنەكەدایە ئەوا ڤیدیۆكە كاڵ دەبێتەوە بە پێچەوانەوە گەڕانەوەی ژمارەكە بۆ 100% ئەوا تۆخ دەبێتەوە زیاتر ئەم بەشە بۆ دانانی دوو ڤیدیۆ بەسەر یەكەوە ئەكەر هاتوو ڤیدیۆ كەی سەرەوە كاڵ بكەینەوە ئەوا هەر دوو ڤیدیۆكە پیشان دەدات لە یەك كاتدا وەك ئەم وێنەیەی


خوارەوە کە من دوو ڤیدیۆم داناوە لە Video1 , Video2، کە Video2 م کاڵکردۆتەوە.




بەم شێوەیە  Video2 کەم کراوەتەوە




ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەبێت.




٢-  Reset: بەکلیک کردن لەسەر ئەم ئەم بەشە هەر جولەیەکمان دابێتە ڤیدیۆ کە ئەوا نامێنێت و دەگەڕێتەوە باری پێشوو.


٣- Time Remapping: ئەم بەشە تەنها خۆی لە یەك بەش گرتوە ئەویش بە کلیك کردن لەسەر ئەو تیرە بچوکەی تەنیشتی بەشی Speed مان بۆ دەکرێتەوە کە تایبەتە بە خێراکردن و خاوبوونەوەی ڤیدیۆکەوەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەکلیك کردن لەسەر ئەو هێڵەی لەناو ڤیدیۆکە دایە بەبەرزوو نزم کردنی دەتوانین ڤیدیۆکە خێرا بکەین یان خاوی بکەین کە پێشتر باسم لەم بەشە کردووە.

## لابردنی جوڵە لە سەر ڤیدیۆ ئەگەر دروستمان کردبوو..

پێشوو تر باسم لە دروستکردنی جوڵە کرد ئەگەر بمانەوێت ڤیدیۆ یەك بەر شێوەیەك بمانەوێت بجوڵێت بەلاَم ئەگەر ویستمان ئەو جوڵەیەی دروستمان کردووە لایبەرین ئەوا کلیك لەسەر ئەم هێمایە دەکەین لە تەنیشت هەر بەشێکدا هەیە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەکلیك کردن لەسەر Toggle Animation ناوی ئەو خاڵەیە کە لە وێنەکەدا لەناو بازنەکەدایە ئەم بۆکسە دێتە پێشەوە ئاگادارمان دەکاتەوە بەوەی ئایە دەتەوێت ئەو جولاَنەی دروستت کردووە لایبەریت بەکلیك کردن لەسەر OK ئەوا نامێنێت جوڵەکە بە پێچەوانەشەوە کلیك لەسەر Cancel بکەین ئەوا جوڵەکە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.


Warning
This action will delete existing keyframes. Do you want to continue?
OK
Cancel


# هێنانی کاریگەری و ئیفێکت ..

**لە بەشی** Video Transitions:




١- Contains لە بۆ شایی بەرامبەری دەتوانین هەر کاریگەری و ئیفێکتێکمان بوێت دەینوسین ئەو بەشەمان بۆ دەکرێتەوە.

٢- بەکلیك کردن لەسەر ئەو تیرەی تەنیشت Video Transitions هەموو بەشەکانی کاریگەریەکان دەکرێتەوە کە پێك هاتووە لەچەند کاریگەرییەکی جوان بەکاردێت بۆ نێوانی دوو ڤیدیۆ یان دوو وێنە یان دانانی لەسەرەتا و کۆتایی ڤیدیۆیەك بمانەوێت بەم شێوەیە دەیهێنینە نێوان ڤیدیۆ وە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە راکێشانی ئەو گاریگەریەی دەمانەوێت دەچینە سەری رایدەکێشینە سەر ڤیدیۆکە تا دەگاتە نێوان دوو ڤیدیۆکە دەستی لێبەرنادەین دوواتر کلیکەکە لادەبەێن کاریگەرییەکە جێگیر دەبێت بۆ بینینی لەسەر شاشەی پیشاندان دەتوانین بیبینینەوە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت.





دەتوانین بە دوو شێوە ماوەی کاریگەرییەکەی سەر ڤیدیۆکە زیاد و کەم بکەینەوە یاخود شێوەی کارکردنی ببینین.

١- دەتوانین هەر لەسەر ڤیدیۆکە کاریگەرییەکە ماوەکەی زیاد و کەم بکەینەوە وەك ئەم شێوەیەی خوارەوە.




بە راکێشانی وەك ئەو تیرەی لەسەر وێنەکە دایە دەتوانین بە لای راست وچەپ رایبکێشین ماوەکەی زیاد ببێت یاخود ماوەکەی کەم بکەینەوە.

٢- لە بەشی Effect Control شێوەی ڤیدیۆکەو کاریگەرییەکەمان پیشان دەدات دەتوانین هەر لە وێ ماوەکەی بگۆڕین بەم شێوەیەی خوارەوە.




بە راکێشانی وەك ئەو تیرەی لەسەر وێنەکە دایە دەتوانین بە لای راست وچەپ رایبکێشین ماوەکەی زیاد ببێت یاخود ماوەکەی کەم بکەینەوە.


بۆ دەرکەوتنی و دەستکاری کردنی کاریگەرییەکە دەبڵ کلیك لەسەر کاریگەرییەکەی سەر ڤیدیۆکە دەکەین ئەم شێوەیەمان بۆ دەردەچێت لە بەشی Effect Control دا.




١- بەکلیك کردن لەسەری ئەوا بە بچوکی کاریگەرەکە کاردەکات.

٢- Duration: بەبردنە ماوسەکە بۆ سەری بردنی بە لای راست و چەپ ئەوا ماوەکە زیاد و کەم دەکات.

٣- Alignment: ئەم بەشە زۆر گرنگە بۆ دانانی کاریگەرییەکە لە هەرشوێنێك دایبنێین ئەم بەشە خۆی لەسێ بەش گرتووە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





١- Center at Cut: بە کلیك کردن لەسەر ئەم بەشە ئەوا کاریگەرییەکە لەناوەندی دوو ڤیدیۆ جێگیر دەبێت.

٢- Start at Cut: بە کلیك کردن لەسەر ئەم بەشە ئەوا کاریگەرییەکە لە سەرەتای ڤیدیۆکەی دووەم جێگیر دەبێت.


٣- End at Cut: بە کلیك کردن لەسەر ئەم بەشە ئەوا کاریگەرییەکە لە کۆتایی ڤیدیۆکەی یەکەم جێگیر دەبێت.

ئەگەر بمانەوێت رستەوخۆ کاریگەری دابنێین لە سەرەتای ڤیدیۆیەك یان لەکۆتایی ڤیدیۆیەك بەم بە راکێشانی کاری گەریگەرییەکە بۆ سەرەتای هەر ڤیدیۆیك بمانەوێت یان بۆ کۆتایی هەرڤیدیۆ یەك بمانەوێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.


٤- Start: بەزیادکردنی ئەو ماوەیەی لەتەنیشتییەتی یان ئەو هێڵەی لە ژێرێتی وەك تیرەکەی کێشراوە بەبردنە لای راست و چەپ ئەوا سەرەتای دەست پێکردنی کاریگەرییەکە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە خۆت بتەوێت کە پیشانمان دەدات لە هەرشوێنێك بمانەوێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





٥- End: بە کەم کردنەوەی ئەو ماوەیەی لەتەنیشتییەتی یان ئەو هێڵەی لە ژێرێتی وەك تیرەکەی کێشراوە بەبردنە لای راست و چەپ ئەوا کۆتای هاتنی کاریگەرییەکە لەو شوێنەوە کۆتای پێدێت کە خۆت بتەوێت کە پیشانمان دەدات لە هەرشوێنێك بمانەوێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٦- Show Actual sources: بە کلیك کردن لەسەر ئەو چوارگۆشەیە بەرامبەرێتی هێمای راست دادەنرێت ئەوا هەر دوو ڤیدیۆکەمان پیشاندەدات شێوەی A، B نامێنێت بە پێچەوانەوە دەگەڕێتەوە باری پێشوو شێوەی ڤیدیۆکان نامێنێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٧- Reverse: بە کلیك کردن لەسەر ئەو چوارگۆشەیە بەرامبەرێتی هێمای راست دادەنرێت ئەوا جوڵەی کاریگەرییەکە پێچەوانە دەبێتەوە بە دوو بارە کلیك کردن لەسەری دێتەوە باری ئاسایی وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بۆ لابردنی کاریگەریکە ئەوا لەبەشی Timeline یەك کلیك لەسەر کاریگەرییەکە دەکەین دوواتر لەسەر کیبۆردەکە دووگمەی Delete دادەگرین دەبینین کاریگەرییەکە نامێنیت.

له بهشی Video Effect:





١- Contains لە بۆ شایی بەرامبەری دەتوانین هەر ئیفێکتێکمان بوێت دەینوسین ئەو ئیفێکتەمان بۆ دەکرێتەوە.

٢- بەکلیك کردن لەسەر ئەو تیرەی تەنیشت Video Effect هەموو ئیفێکتەکان دەکرێتەوە کە پێك هاتووە لەچەند ئیفێکتێکی جوان بەکاردێت بۆ جوانکردن گۆڕینی لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر بەم شێوەیە دەیهێنینە سەر ڤیدیۆکە یان هەر وێنەیك بێت بۆ نموونە من یەکێ لە ئیفێکتەکانم هێناوە بەڵام هەموو ئیفێکتەکان هەر بەم شێوەیە دێتە سەر ڤیدیۆکان وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە راکێشانی ئەوئیفێکتەی دەمانەوێت دەچینە سەری رایدەکێشینە سەر ڤیدیۆکە یان بەشێك لە ڤیدیۆکە دەبڕین ئیفێکتی بۆ دادەنەین دوواتر دەست لە کلیکەکە بەردەدەین ئیفێکتەکە جێگیر دەبێت بۆ بینینی لەسەر شاشەی پیشاندان دەتوانین بیبینینەوە.

یان بۆ دەست کاری کردنی ئەوا دەچینە سەر پەنجەرەی Effect Control ئەو ئیفێکتەی هێناومانە لەم بەشە دەردەکەوێت بەکلیك کردن لەسەر ئەو تیرەی تەنیشت ئیفێکتەکە دەتوانین گۆڕان کاری لەسەری بکەین یاخود بۆ وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- كليك لەسەر ئەو تیرە بچوكە دەكەین بەشەكانی ئیفێكتەكە دەكرێتەوە.

٢- لە هەر ئیفێكتێك دا ئەم بەشە جیاوازە بە گۆڕینی هەر ژمارەیك گۆڕانێك بەسەر ئیفێكتەكەدا دێت.

٣-  Reset: بە كلیك كردن لەسەر ئەو هێمایە ئەوا ئیفێكتەكە دەگەڕێتەوە باری پێشوو.

٤-  Toggle the Effect on or of: بە كلیك كردن لەسەر ئەم بەشە و نەمانی ئەو وێنە بچوكە ئەوا ئیفێكتەكە نامێنێت بە دووبارە كلیك كردن لەسەری وێنەكە دێتەوە و ئیفێكتەكە كاردەكات.


# گۆڕینی ڤیدیۆی ڕەنگا و ڕەنگ بۆ ڕەش و سپی ..

سەرەتا ئەو ڤیدیۆیەی دەمانەوێت دیاری دەکەین یان پارچەیك لە ڤیدیۆکە دەبڕین دەمانەوێت بیکەینە شێوەی کۆن واتا ڕەش و سپی بەهەمان شێوەی پێشوو ئیفێکتەکە دێنین و رایدەکێشینە سەر ڤیدیۆکە.


ئەگەر ڤیدیۆیەکمان هەبێت بەم شێوەیە.




ئەوا دەچینە بەشی Video Effect لەوێشەوە بەشی Image Control هەڵدەبژێرین یەکەم ئیفێکت کە بەناوی Black & White ە رایدەکێشینە سەر ڤیدیۆکە دەبینین ڤیدیۆ کە بو بە رەش و سپی وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





یان دەتوانین راستەوخۆ لەبەشی Effect لە ناو بۆشایی بەرامبەر Contains ناوی ئیفێکتەکە یان پیتی یەکەمی بنوسین راستەوخۆ ئیفێکتەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وەك ئەم شێوەیەی لێدێت.




بۆ لابردنی ئیفێکتەکە دەچینە پەنجەرەی Effect Control کە هەر ئیفێکتێکمان بوێت دەردەکەوێت.




بەسێ جۆر دەتوانین ئیفێکتەکە لابەرین ئەویش ئەمانەن.

١- یەك كلیك لەسەر ئەو وێنە بچوکەی  تەنیشت ئیفێکتەکە دەکەین ئیفێکتەکە نامێنێت لەسەر ڤیدیۆ کە.


٢- یەك كلیك لەسەر ئیفێکتەکە دەکەین لەسەر کیبۆردەکە دووگمەی Delete دادەگرین ئیفێکتەکە دەسڕدرێتەوە.

٣- دەتوانین لەسەر ئیفێکتەکە کلیك راست بکەین Clear هەڵبژێرین دەبینین ئیفێکتەکە نامێنێت وەك ئەم وێنەی خوارەوە.





بە کار هێنانی ئەم ئیفێکتە بۆ هەر ڤیدیۆ یەکی تر ئەگەر بمانەوێت

ئەوا دەچینە سە ئیفێکتەکە کلیك راست دەکەین Copy هەڵدەبژێرین یان لەسەر کیبۆردەکە Ctrl+C دادەگرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




هەر ڤیدیۆ یەکی ترمان بوێت هەمان ئیفێکتی بۆ دابنەین ئەوا یەك کلیك لەسەر ڤیدیۆکە دەکەین دەچینە ناو پەنجەرەی Effect Control کلیك راست دەکەین Paste هەڵدەبژێرین یان لەسەر کیبۆردەکە Ctrl+V دادەگرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





ئەوا بەم شێوەیە هەمان ئیفێکت دەتوانین لە هەر ڤیدیۆیەکی تربێت بەکاری دێنین.

## بە پێچەوانەی پێشوو گۆڕینی ڕەش و سپی بۆ ڤیدیۆی ڕەنگا و ڕەنگ ..


ئەگەر ڤیدیۆ یەکی ڕەش و سپی مان هەبو بمانەوێت ڕەنگا و ڕەنگ دەربچێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بۆ هێنانی ئیفێکتی ڕەنگاو ڕەنگ دەچینە Video Effect لەوێشەوە بۆ بەشی General دواتر 4-Color Gradient هەڵدەبژێرین رایدەکێشینە سەر ڤیدیۆکە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




یان دەتوانین راستەوخۆ لەبەشی Effect لە ناو بۆشایی بەرامبەر Contains ناوی ئیفێکتەکە یان پیتی یەکەمی بنوسین راستەوخۆ ئیفێکتەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





کە لەسەر شاشەی پیشاندان بەم شێوەیە دەردەچێت.





دەچینە بەشی Effect Control کلیك لەسەر ئیفیکتەکە دەکەین چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە.




١- Positions & Colors: بەکردنەوەی ئەم بەشە لەرێی ئەو تیرە بچوکەی تەنیشتی چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە.




١- Point 1: بە گۆڕینی ئەو ژمارانەی بەرامبەری لە ناو بازنەکەدایە ئەوا ئەو بازنە بچوکانەی سەر ڤیدیۆکە دەگۆڕدرێت لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ دانانی ڕەنگەکە لە هەرشوێنێك بمانەوێت.




٢- Color 1: بۆ گۆڕینی ئەو ڕەنگەی دەمانەوێت یاخود ئەو ڕەنگەی لەگەڵ ڤیدیۆکەمان بگونجێت دایدەنەین.

بۆ بازنە و ڕەنگەکانی تر وەك ڕێگاکان پێشوو دەیان گۆڕین بۆ ئەو ڕەنگانەی خۆمان دەمانەوێت.

٢- بۆ کەم کردنەوە و نەمانی ڕەنگەکان بەزیاد کردنی یان کەم کردنی ئەو ژمارانەی لەبەرامبەرێتی یان ئەو هێڵەی لەژێریۆوەیەتی دەتوانین بە ئاراستەی ئە تیرانە بەلای ڕاست چەپ بیبەین.

٣- Blending Mode: بە کلیك کردن لەسەر ئەو تیرە بچوکەی بەرامبەر None چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە ئێمە لەم بەشە Multiple هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی ڕەنگەکان بچێتە ناو ڤیدیۆکەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.




٤- دەتوانین یەك كلیك لەسەر ئیفێكتەكە بكەین خاڵەكانی سەر ڤیدیۆ كە دێتە سەری دەتوانین هەر رەنگێك لە كوێ گونجاو بێت دایبنێین وەك رەنگی شین بۆ ئاسمان بەكاردێت ئەوا بازنەی رەنگە شینەكە بۆ ئاسمانەكە بەكاردێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



٥- Opacity: ئەم بەشە بە کەم کردنەوەی لە ژمارە 100% ئەوا ڕەنگەکان کاڵ دەبێتەوە بۆ جۆرێك کە خۆمان بمانەوێت بە پێچەوانەشەوە بیگەڕێنینەوە بۆ سەرەوە ئەوا ڕەنگەکان تۆخ دەبنەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.




## چۆنییەتی کردنی ڤیدیۆ نیوەی رەنگاو رەنگ و نیوەی رەش و سپی ..

یەکێ لە کاری ئیفێکتەکان ئەوەیە کە ڤیدیۆیەك دەبینین نیوەیمان بۆ دەکاتە رەنگاورەنگ و نیوەکەی تر رەش سپی یە بۆ جوان کردنی ڤیدیۆکەیە کاتێتك لە ڤیدیۆکە کەسێك لەبەشی رەنگا و رەنگەکە دەڕوات لەلایەکەی تری بەرەش و سپی دەرەکەوێت یاخود ئاهەنگێك بمانەوێت لە بەشی رەنگاورەنگ شاییەك هەیە دێتە بەشەکەی تری دەبێتە رەش و سپی ئەم ئیفێکتە بۆ زۆر کار بەکاردێت.


ئەگەر ڤیدیۆ یەکی رەنگاو رەنگ مان هەبو بمانەوێت کاری لەسەر بکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





سەرەتا دەچینە Video Effect دواتر دەچینە Color Correction لەوێشەوە Luma Curve هەڵدەبژێرین دواتر رایدەکێشینە ناو ڤیدیۆکە بەم شێوەیی خوارەوە.





یان دەتوانین راستەوخۆ لەبەشی Effect لە ناو بۆشایی بەرامبەر Contains ناوی ئیفێکتەکە یان پیتی یەکەمی بنوسین راستەوخۆ ئیفێکتەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



دواتر دەچینە بەشی Effect Control دەتوانین گۆڕان کارییەکان بەسەری بێنین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- Output: ئەم بەشە بۆ دروست کردنی رەش و سپی یا خود بۆ گەرانەوەی بۆ رەنگاو رەنگ بە کلیك کردنی لە و سێ گۆشە بچوکەی بەرامبەری لەناو بازنەکەدایە چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- Composite: سەرتا ئیفێکتەکە دێنین خۆی لە سەر ئەم بەشەیە دواتر خۆمان دەیگۆڕین.

٢- Luma: ئەم بەشە تایبەتە بە کردنی ڤیدیۆکە بۆ رەش و سپی کە ئێمە لەم وانەیە دا ئەم بەشە هەڵدەبژێرین یان بۆ گەڕانەوەی بۆ باری رەنگا و رەنگ دەگەڕێنەوە یەکەم هەڵدەبژێرین بەم شێوەی خوارەوەی لێدێت.




بەم شێوەیەی لێدێت.




٣- Mask: ئەم بەشە تایبەتە بە نەمانی ڤیدیۆکە و گۆڕینی بۆ یك رەنگ ئەویش بۆ رەنگی سپی یە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەم شێوەیەی لێدێت.




٢- Show Split: بەکلیك کردن لەسەر ئەو چوارگۆشە بچوکەی تەنیشتی ئەوا بەشی خوارەوەی ڤیدیۆ کە دەبێتە رەنگاو رەنگ و بەشی سەرەوەی ڤیدیۆکە دەبێتە رەش و سپی وە بە دووارە کلیك کردن لەسەری ڤیدیۆکە دەبێتەوە یەك بەش وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٣- Layout: ئەم بەشە تایبەتە بە گۆڕینی شێوەی ئاسۆی و ستونی کارەکەمان بە کلیك کردن لەو چوارگۆشە بچوکەی بەرامبەری دووبەشمان بۆ دەکرێتەوە وەك ئەمانەن.




١- Horizontal: ئەم بەشە كاتێك ئیفێكتەكە دێنین راستەوخۆ ئەم بەشەی وەرگرتووە بەكاردێت بۆ شێوەی كارەكەمان بۆ ئاسۆیی.

٢- Vertical: بە هەڵبژاردنی ئەم بەشە شێوەی كارەكەمان دەگۆڕدرێت بۆ شێوەی ستونی وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.



٤- Split View: ئەم بەشە بە زیاد كردنی ئەو ژمارەیەی بەرامبەری ماوەی رەنگا و رەنگەكە كەم دەبێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.





بە پێچەوانەوە ئەگەر ژمارەكە كەم بكەینەوە ئەوا ماوەی بینینی رەنگا و رەنگەكە زیاد دەبێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وەك ئەم شێوەیەی لێدێت.




٥- ئەم بەشە بە کلیك کردن لەسەر ئەو هێڵەی ناوەندی بردنی بە هەر لایەك لەناوئەو چوارگۆشە رەشە دەتوانین ماوەی بینینی رەش و سپی یەکە تۆخ و کاڵ بیکەینەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەم شێوەیەی لێدێت.




٦- Secondary Color Correction: بە کردنەوەی ئەم بەشە چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە ئەو بەشانەش تایبەتن گۆڕینی رەنگەکان و کاڵ بونەوە و تۆخ کردنی.

## تێکەڵ کردنی دوو ڤیدیۆ ..

لەم بەشەدا دەتوانین دوو ڤیدیۆ تێکەڵ بکەین یاخود ڤیدیۆ یەك رەنگی پشتی رەش بێت رەشەکەی نامێنێت ئەوەی تری تێکەڵ بە ڤیدیۆ کەی یەکەم دەبێت یان هەرڤیدیۆ یەك بێت ئەوا تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ڤیدیۆی یەکەم یاخود ڤیدیۆ یەك بۆ جوانکردنی ڤیدیۆکەی یەکەم بێنین تێکەڵی بکەین بەم شێوەیە دایدەنەین سەرەتا ڤیدیۆیەك لە بەشی Video1 دادەنەین دواتر ئەو ڤیدیۆ یەی دەمانەوێت تێکەڵی بکەین دەیهێنینە ناو بەشی Video2 بەم شێوەیەی خوارەوە.





سەرەتا لەشاشەی پیشاندان بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەچێت کە من ئەم ڤیدیۆیەم هەڵبژاردووە بشتی رەشە.




بۆ هێنانی ئیفێکت دەچینە بەشی Video Effect دواتر Chanel کلیك دەکەین Compound Arithmetic هەڵدەبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





یان دەتوانین راستەوخۆ لەبەشی Effect لە ناو بۆشایی بەرامبەر Contains ناوی ئیفێکتەکە یان پیتی یەکەمی بنوسین راستەوخۆ ئیفێکتەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





دەچینە پەنجەرەی Effect Control کار لەسەر ئیفێکتەکە دەکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- ..Second Sour: بەكلیك كردن لەسەر ئەو سێگۆشەیەی بەرامبەری ئەووەی لەناو بازنەكەدایە دەتوانین ئەو ڤیدیۆ یە هەڵبژێرین كە دەمانەوێت ڤیدیۆی یەكە تێكەڵ بكەین من Vedio1 م هەڵبژاردووە واتا تێكەڵ ڤیدیۆ یەكەم بێت وك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٢- Operator: بەكلیك كردن لەسەر ئەو سێگۆشەیەی بەرامبەری ئەووەی لەناو بازنەكەدایە خۆی لە چەند بەشێك گرتووە ئیمە لەم بەشەدا Add هەڵدەبژێرین كە هەر یەكەو كارێكی جوانی پێدەكرێت بە تاقیكردنەوەی هەر دانەیەك وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت.




٣- ..Operator On: بەکلیك كردن لەسەر ئەو سێگۆشەیەی بەرامبەری ئەوەی لەناو بازنەکەدایە RGB هەڵبژێرین بۆ ئەوەی هەموو ڕەنگەکان وەربگرێت.

٤- ..Overflow Be: بەکلیك كردن لەسەر ئەو سێگۆشەیەی بەرامبەری ئەوەی لەناو بازنەکەدایە لە بەشە Clip هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ڤیدیۆی دووەم ڕوناك بێت.

٥- ..Stretch Seco: بەکلیك کردن لەسەر ئەو چوارگۆشە بچوکەی تەنیشتی هێمای راستەکەی لەسەر نامێنێت شێوەی ڤیدیۆی یەکەم دێنێتە پێشەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوەی لێدێت.




بە دووبارە کلیك کردن لەسەری هێماکە دێتەوە و ڤیدیۆکە دێتەوە باری ئاسایی وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



٦- Blend With: ئەم بەشە تایبەتە بە هێنانەوەی رەنگە رەشەکەی پشت ڤیدیۆکەی دووەم کاتێك ئەو ژمارە 0% زیادەکەین دەبینین وردە رەنگە رەشەکە تۆخ دەبێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.





بە کەم کردنەوەی ژمارەکە یان بۆ باری یەکەم ئەوا ڤیدیۆکە پشتە رەشەکەی نامێنێت.

# چۆنییەتی رووناکردنەوەی ڤیدیۆ و تاریك کردنی ..


ئەگەر ڤیدیۆ یەك تاریك بێت یەکێ لە ئیفێکتەکان تایبەتە بە روناکردنەوە لەم بەشە باسی چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئیفێکتە دەکەم وەك ئەم ڤیدیۆ کە دام ناوە بەم شێوەیە.




سەرەتا ڤیدیۆکە دەهێنینە ناو بەشی Timeline ئەو ڤیدیۆیەی دەمانەوێت یان پارچەیەك لەڤیدیۆکە دەمانەوێت رووناکی بکەینەوە دەچینە Video Effect لەوێشە Color Corrections کلیك لەسەر سێ گۆشەکەی تەنیشتی دەکەین Brightness & Contrast هەڵدەبژێرین بەم شێوەیەی خوارەوە.



یان دەتوانین راستەوخۆ لەبەشی Effect لە ناو بۆشایی بەرامبەر Contains ناوی ئیفێکتەکە یان پیتی یەکەمی بنوسین راستەوخۆ ئیفێکتەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە




دەچینە پەنجەرەی Effect Control کار لەسەر ئیفێکتەکە دەکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




١- Brightness: بە زیاد کردنی ئەو ژمارەیەی لەناو بازنەکەدایە یان ئەو هێڵەی ئاراستە کراوە بەلای راست و چەپ دەتوانین ڤیدیۆکە روناك و تاریك بکەین بەلاَم

ئەگەر بمانەوێت ڤیدیۆکە رووناك بکەینەوە ئەوا ژمارەکە زیاد دەکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.




وە ئەگەر ژمارەکە کەم بکەینەوە ئەوا ڤیدیۆکە شێوەی تاریك وەر دەگرێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.




٢- Contrast: بە پێچەوانەی کارەکەی پێشوو کاتێك ژمارەکە زیاد دەکەین یان ئەو هێڵەی لەژێرەوە دایە بەئاراستەی راست و چەپ دەتوانین ڤیدیۆکە رووناك و تاریك بکەین بەڵام ئەگەر بمانەوێت ڤیدیۆکە تاریك بکەین ئەوا ژمارەکە زیاد دەکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.



وە ئەگەر ژمارەکە کەم بکەینەوە ئەوا ڤیدیۆکە شێوەی رووناکردنەوە وەر دەگرێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.




## چۆنیەتی دانانی AVI ..


کاتێك بمانەوێت AVI یەکی جوان لەسەروی ڤیدیۆکەمانەوە دابنێین دەبینین AVI یەکە ڕەنگێکی سادەی لەگەڵە ئێمە ئەو ڕەنگە سادەیە لادەبەین دەبینین ڤیدیۆ سەرەکییەکە لە ژێر AVI یەکەوە پیشانی دەدات وەك من ئەمە AVI یەم بەکارهێناوە لەناو Video2 دایدەنێین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



بەم شێوەیەی خوارەوەیە AVI ڕەنگە سادەکەی سەوزە.




بۆ هێنانی ئیفیکتی سڕینەوەی ڕەنگە سەوزەکە ئەوا دەچینە Video Effects دواتر لەوێشەوە Keying کلیك لەسەر سێ گۆشە بچوکەکەی تەنیشتی دەکەین Chroma Key هەڵدەبژێرین ڕایدەکێشینە سەر AVI یەکە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





یان دەتوانین راستەوخۆ لەبەشی Effects لە ناو بۆشایی بەرامبەر Contains ناوی ئیفێکتەکە یان پیتی یەکەمی بنوسین راستەوخۆ ئیفێکتەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





دەچینە پەنجەرەی Effect Control کار لەسەر ئیفێکتەکە دەکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





١- Color: بە کلیك کردن لەسەر ئەو ڕەنگەی بەرامبەری پەنجەرەی ڕەنگەکان دەکرێتەوە دەتوانین ئەو ڕەگەی دەمانەوێت بیسڕینەوە دایبنێین من لێرە ڕەنگی سەوزم هەڵبژاردووە چونکە دەمەوێت ڕەنگە سەوزەکە نەمێنێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




یاخود دەتوانین ئەو شێوە پێنوسەی تەنیشت ڕەنگەکە دابگرین و لەناو ئەو بەشەی دەمانەوێت بیسڕینەوە یەك کلیك بکەین لە ناو پەنجەرەی پیشاندان ئەوا ئەو ڕەنگە هەڵدەبژێردرێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




سەرەتا بەم شێوەیەی لێدێت.





٢- Similarity: بە زیاد كردنی ئەو ژمارەیەی بەرامبەری بۆ ژمارە 100 ئەوا دەبینین رەنگە سەوزەكە نامێنێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




وەك ئەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت.



٣- Blend: بە زیادکردنی ئەو ژمارەیەی بەرامبەری بۆ 100 ئەوا AVI یەکە چواردەوری بەشە سڕاوەکە کاڵ دەبێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی لێدێت.




٤- Threshold: بە زیادکردن ئەو ژمارەیەی بەرامبەری بۆ 100 ئەوا بەشە سڕاوەکە تاریك دەبێت.

٥- Cutoff: بە زیادکردنی ژمارەکەی بەرامبەری ئەوا بەش سڕاوەکە دێتەوە بە گەڕاندنەوەی بۆ 0 دێتەوە باری ئاسای.

٦- Smoothing: بەم بەشە خۆی لەسەر بەش گرتووە بە گۆڕینی بەشی None بۆ Low ئەوا چواردەوری ڕەنگە سڕاوەکە ساف دەبێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




٧- Mask Only: بە كلیك كردن لەسەر ئەو چوارگۆشەیەی بەرامبەری هێمای راست جدێتە ناوە چوارگۆشەكە بەكاردێت گۆڕینی AVI یەكە بۆ ڕەنگی سپی جگە لەو بەشەی كە ڕەنگەكەی مان سرپیوەتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەم شێوەیەی لێدێت.




بە دووبارە كلیك كردن لەسەر چوارگۆشەكە هێمای راستەكە نامێنێت و AVI یەكە ئاسای دەبێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەم شێوەیەی لێدێت.



Program: Sequence 01
00;00;04;19
Fit
00;01;15;21
00;02;08;04
00;04;16;08
00;06;24;12
00;08;32;16

## هێنانی AVI کە ڕەنگی پشتی شین بێت ..

بە هێنانی AVI یەک ڕەنگی پشتی شین بێت ئێمە دەمانەوێت تەنها ڕەنگە شینەکەی بسرینەوە دەتوانی بە ڕێگاکەی پێشوو بیسرینەوە بەڵام ئیفێکتێکی تایبەت هەیە بە لابردنی ڕەنگی شین وەک من لەم بەشەدا AVI یەکم هێناوە دەمەوێت ڕەنگە شینەکەی لابەرم وەک ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەم شێوەیەیە لە بەشی پەنجەرەی پیشاندان.





بۆ هێنانی ئیفیکتی سرینەوەی ڕەنگە سەوزەکە ئەوا دەچینە Video Effects دواتر لەوێشەوە Keying کلیك لەسەر سێ گۆشە بچوکەکەی تەنیشتی دەکەین Blue

Screen Key هەڵدەبژێرین رایدەکێشینە سەر AVI یەکە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




یان دەتوانین راستەوخۆ لەبەشی Effects لە ناو بۆشایی بەرامبەر Contains ناوی ئیفێکتەکە یان پیتی یەکەمی بنوسین راستەوخۆ ئیفێکتەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




راستەوخۆ رەنگە شینەکە دەسڕێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بە پێویستم نەزانی باسی پەنجەرەی Effect Control تایبەت بە ئیفێکتەکە بکەم چونکە بەشەکانی هەر وەکو ئیفێکتەکە پێشوو تر باسمکرد بڕوانە پێشوو.


## هێنانی نوسین لە پریمەر ..

بۆ هێنانی نوسین لە پریمەر تەنها دەتوانین بە ئینگلیزی بنوسین بەڵام بۆ هێنانی نوسینی کوردی ئەوا دەتوانین لە بەرنامە فۆتۆشۆپ نوسین بە کوردی ئامادە بکەین ئەوجا بە پاڵپشتی PNG پاشەکەوتی بکەین وەك وێنە بیهێنینە ناو بەرنامەی پریمەرەوە بۆ هێنانی نوسین سێ ڕێگامان هەیە وەك ئەمانە.


١- دەتوانین لە پەنجەرەی Project لەژێرەوەی کلیك لەسەر New Item دەکەین دەبینین چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە ئێمە Title هەڵدەبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەکلیك کردن لەسەری ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە.




بەكلیك كردن لەسەر OK ئەوا Title دەچێتە بەشی پەنجەرەی Project و ڕاستەوخۆ ئەم پەنجەرەیە دەكرێتەوە.



١- لەم بەشە كلیك دەكەین بمانەوێت نوسینەكە بەهەر شێوەیەك بینوسین كلیك لەم بەشە دەكەین و دواتر دەچینە چەنجەرەی پیشاندن كە ڤیدیۆكە پیشاندەدات دوو كلیك لەبۆشاییەك دەكەین هەر نوسینێكمان بوێ دەینوسین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



بە كليك كردن لەسەر نوسينەكە ئەوا نوسينەكە دياريدەكەين دەتوانين دەتوانى شێوەى نوسينەكە بگۆڕين ئەويش بە كردنەوەى پەنجەرەى تايبەت بە نوسينەكە وەك ئەم وێنەيەى خوارەوە.



دەتوانین شێوەی نوسینەکە بگۆڕین یاخود ڕەنگەکەی بۆ ڕەنگێك خۆمان بمانەوێت و چەندین کاری تری تێدایە.

٢- ئەم بەشە تایبەتە بە دروست کردی لاکێشە و چوارگۆشە و شێوەی بازنەیی بۆ پشت نوسینەکەمان بە ئارەزوی خۆمان هەر شێوەیەکمان بوێت دروستی دەکەین و لەبەشی تایبەتمەندیەکانی لای ڕاستەوەی دەتوانین ڕەنگەکەی بگۆڕین بۆ هەر ڕەنگێکی خۆمان بمانەوێتوەك ئەم شێوەیەی خوارەوە.





٣- بەکلیك کردن لە یەکێ لەو نمونانەی هەیە ئەوا شێوەی نوسینەکەمان بۆ ئەو شێوەیە دەگۆڕدرێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





من یەکێ لەو نمونانەم هەڵبژاردووە وەك ئەم شێوەیەی لێدێت نوسینەکەمان.




٤-  بە كليك ردن لەم ئايكۆنە ئەوا دەتوانى Title زياد بكەين بۆ ناو پەنجەرەى Project وەك شێوەى پێشوو پەنجەرەيەكمان بۆ دەكرێتەوە بەم شێوەيەى خوارەوە.





بە كليك كردن لە OK دەچێتە پەنجەرەى Project بەم شێوەيەى خوارەوە.





٥- Roll/Crawl Options: ئەم بەش تایبەتە بە جوڵە پێدان بە نوسینەکە بۆ ئەوەی لە ژێرەوە بۆ سەرەوە یان لە لای راستەوە بۆ لای چەپ یان بە پێچەوانەوە بڕوات لەگەڵ کارکردنی ئەگەر نوسینێکمان هەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

بۆ دروست کردنی جوڵەکە ئەم پەنجەرەیە دێتە پێشەوە.




١- Roll: بە کلیك کردن لەم بەشە دەتوانین جوڵە بدەینە نوسینەکە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت.




١- Start Off Screen: بەکلیك کردن لەم بەشە سەرەتای دەست پێکردنی جوڵەکە لە دەرەوەی شاشەکە دەبێت.

٢- End Off Screen: بەکلیك کردن لەم بەشە کۆتای هاتنی جوڵەکە دەچێتە دەرەوەی شاشەکە.

٣- Ease-In: لەم بەشە ژمارە 90 دەنوسین بۆ سەرەتای دەست پێکردنی جوڵەکە.

٤- Ease-Out: لەم بەشە ژمارە 90 دەنوسین بۆ کۆتایی هاتنی جوڵەکە.


٥- کلیك لەسەر OK دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە لە شاشەی پیشاندان دەردەکەوێت دەبینی لەسەرەتای دەست پێکردی ڤیدیۆکە نوسینەکە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە تا کۆتای ڤیدیۆکە نوسینەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لەگەڵ سەرەتای دەست پێکردنی ڤیدیۆکە دەڕوات.




کاتێك ڤیدیۆکە کۆتایی پێدێت بەم شێوەیە نوسینەکەمان بەرەو سەرەوە دەڕوات.




٢- Crawl Left: ئەم بەشە تایبەبە بە دروست کردنی جوڵە لە لای راستەوە بۆ لای چەپەوە بەم شێوەیەی خوارەوە.



١- Start Off Screen: بەکلیك کردن لەم بەشە سەرەتای دەست پێکردنی جوڵەکە لە دەرەوەی شاشەکە دەبێت.

٢- End Off Screen: بەکلیك کردن لەم بەشە کۆتای هاتنی جوڵەکە دەچێتە دەرەوەی شاشەکە.

٣- Ease-In: لەم بەشە ژمارە 90 دەنوسین لە لای راستەوە.

٤- Ease-Out: لەم بەشە ژمارە 90 دەنوسین بۆ کۆتایی هاتنی جوڵەکە لە لای چەپەوە.


٥- کلیك لەسەر OK دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە لە شاشەی پیشاندان دەردەکەوێت دەبینی لەسەرەتای دەست پێکردی ڤیدیۆکە نوسینەکە لە لای راستەوە بۆ لای چەپەوە دەڕوات تا کۆتای ڤیدیۆکە نوسینەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لەگەڵ سەرەتای دەست پێکردنی ڤیدیۆکە دەردەکەوێت.




کاتێك ڤیدیۆکە کۆتایی پێدێت بەم شێوەیە نوسینەکەمان بەرەو لای چەپ دەڕوات.




٣- Crawl Right: ئەم بەشە تایبەتە بە دروست کردنی جوڵە ب پێچەوانەی بەشی دووەم لە لای چەپەوە بۆ لای راستەوە بەم شێوەیەی خوارەوە.




١- Start Off Screen: بەکلیك کردن لەم بەشە سەرەتای دەست پێکردنی جوڵەکە لە دەرەوەی شاشەکە دەبێت.

٢- End Off Screen: بەکلیك کردن لەم بەشە کۆتای هاتنی جوڵەکە دەچێتە دەرەوەی شاشەکە.

٣- Ease-In: لەم بەشە ژمارە 90 دەنوسین لە لای چەپەوە.

٤- Ease-Out: لەم بەشە ژمارە 90 دەنوسین بۆ کۆتایی هاتنی جوڵەکە لە لای ڕاستەوە.


٥- کلیك لەسەر OK دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە لە شاشەی پیشاندان دەردەکەوێت دەبینی لەسەرەتای دەست پێکردی ڤیدیۆکە نوسینەکە لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاستەوە دەڕوات تا کۆتای ڤیدیۆکە نوسینەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لەگەڵ سەرەتای دەست پێکردنی ڤیدیۆکە دەردەکەوێت.





کاتێك ڤیدیۆکە کۆتایی پێدێت بەم شێوەیە نوسینەکەمان بەرەو لای ڕاست دەڕوات.



لە کۆتایدا کلیك لەسەر هێمای دەرچوون دەکەین دەبینین نوسینەکە لە پەنجەرەی Project جێگیر بووە بە راکێشانی بۆ ناو بەشی Video لە هەر شوێنێك کە خۆمان بمانەوێت دایدەنێین ئەوجا دەست لە کلیکەکە بەردەدەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیەی جێگیر دەبێت.




ئەگەر جوڵەمان نەدابو پێ ی ئەوا لە پەنجەرەی Effect Control لە بەشی Motion بە ئارەزووی خۆمان جوڵەی پێدەبدەین لە بەشەکانی پێشوو باسم کردووە.

٢- لە لیستی مینۆ دەچینە Title لەوێشەوە New Title کلیك دەکەین دواتر چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە وەك ئەمانەن.





هەر سێ لەو بەشانەی سەرەوە وەك Default Still و Default Roll و Default Crawl وەك بەشی یەکەم بە هەمان پەنجەرە دەکرێتەوە و دەتوانین نوسینەکەمان بنوسین.

٣- ئەم بەشە تایتڵی ئامادەکراو و وێنەی ئامادەکراوی تێدایە دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان نوسینەکە و وێنەکان بگۆڕین لە لیستی مینۆ دەچینە Title لەوێشەوە New Title کلیك دەکەین دواتر Based on Template هەڵدەبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە کلیك کردنی Based on Template ئەم پەنجەرەیەی خوارەوە دەکرێتەوە.





١- Name: لەوبۆ شایی یەی تەنیشتی ناوی تایتڵەکە دەنوسین چۆن لە بەشەکانی ١ و٢ پەنجەرەیەك دەکرایەوە ناوەکەی نوسرابوو لێرەش بە هەمان شێوە نوسراوە ئەگەر بتەوێت بیگۆرشیت ئەوا بتەوێت بە چ ناوێکەوە بێت دەینوسیت.

٢- Title Designer presets: ئەم بەشە تایبەتە بە نوسینی ئامادەکراو لەگەڵوێنەی ئامادەکراو بە کلیك کردن لەسەر OK پەنجەرەی نوسینەکە دەکرێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە کلیك کردن لەسەر هەر نوسینێك دیاری دەکەین و دوواتر دەتوانین هەرنوسینێك بمانەوێت لە جێ ی دەینوسینەوە و یاخود دەتوانین یەك کلیك لەسەر وێنەکان بکەین

و بە داگرتنی دووگمەی Delete لەسەر کیبۆردەکە دەیسڕینەوە و هەر وێنەیەك یان هەر لۆگۆیەکی تایبەت بە خۆمان هەبێت دەیهێنینە ناو تایتڵەکە کلیك ڕاست لە بۆشاییەك دەکەین کلیك لە Logo دەکەین Insert Logo هەڵدەبژێرین هەر لۆگۆیەکمان بوێت هەڵیدەبژێرین دێتە ناو بەشی تایتلچەکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە.




بەم شێوەیە دێتە ناو بەشی تایتڵەکەوە.




دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان گەورە و بچوکی بکەینەوە بە دەرچوون لە بەشی تایتڵەکە ئەگەر بمانەوێت گۆڕان کاری ئەنجام بدەین لە هەر بەشێکی نوسینەکە یان وێنەکەی ناو نوسینەکە دەتوانین دەبڵ کلیك لەسەر Title کە بکەین دووبارە پەنجەرەی تایتڵ دەکرێتەوە بۆ بینینی کارەکەمان لە پەنجەرەی پیشاندان بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەچێت.




# چۆنییەتی پاشەکەوت کردنی بەشێوەی ڤیدیۆیی ..

لە کۆتای هەرکارێك دەمانەوێت کارەکەمان بکەینە ڤیدیۆ  بۆ سەر سی دی یان دی ڤی دی بمان کارەکەمان ببینینەوە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین بە چەند جۆرێك کارەکەمان پاشەکەوت بکەین وەك ئەمانەی خوارەوە.

١- سەرەتا دەچینە File دواتر لە Export  کلیك دەکەین Movie هەڵدەبژێرین کە ئەمجۆرە دەتوانین تەنها بە پاڵپشتی AVI پاشەکەوتی بکەین کە کە قەبارەکەی زۆر قورسە بەلاَم روونی زۆر جوانە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بەکلیك کردن لەسەر Movie ئەم پەنجەرەیە دێتە پێشمان.




١- File Name: ئەم بەشە بۆ لە بۆشایی بەرامبەری دەتوانین ناوێك بۆ ڤیدیۆ كە مان بنوسین كە خۆی ناوێكی داناوە تۆش دەتوانی بیگۆڕێت.

٢- Save in: لە بۆشایی بەرامبەری دەتوانین ئەو شوێنە دیاری بكەین بۆ ئەوەی ڤیدیۆكەی لێدابنێین.


٣- Save: بەكلیك كردن لەم بەشە دەتوانی كارەكەمان پاشەكەوت بكەین ئەویش بە هاتنە پێشەوەی ئەم بۆكسەی خوارەوە.




بەچاوەڕوان کردنی بڕبونەوەی ئەو هێڵەی لە ناوێتی تا ژمارە 100% بڕدەبێتەوە دواتر کارەکە تەواو دەبێت بەم جۆرە دەتوانین کارەکەمان ببینینەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە شێوەی ئایکۆنەکەیەتی.




٢- لەم بەشە دەتوانی کارەکەمان بکەینە دی ڤی دی یەوە لە File دەچینە Export لەوێشەوە Export to Encore هەڵبژێرین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە کلیك کردنمان لەسەر Export to Encore ئەم پەنجەرەیەمان بۆ دەکرێتەوە.




١- Name: لەم بەشە دەتوانین ناوێك بۆ دی ڤی دیەکەمان بنوسین لە بۆشایی بەرامبەری.


٢- Type: لەم بەشە دەتوانی جۆری DVD Single Layer هەڵبژێرین.

٣- Copies: لەم بەش دەتوانی جەند کۆپی مان بویێت لە دی ڤی دی یەکە ژمارەکەی دەنوسین.


٤- Export Range: لەم بەشە Entire Sequence هەل دەبژێرین.

٥- Summary: لەم بەشە هەموو زانیارییەکان لەسەر ڤیدیۆکە دەدات وەك قەبارەوە شێوەی ڤیدیۆکە چەندین زانیاری تر.


٦- OK: بە کلیك کردن لەم بەشە پەنجەرەیەکی ترمان بۆ دەکرێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بە هەمان شێوەی پێشوتر ناوی دەنوسین و شوێنەکەی دیاری دەکەین دوواتر کلیك لەسەر Save دەکەین ئەم بۆکسە دێتە پێشەوە بۆ پاشەکەوت کردنی کارەکەمان.





بەچاوەڕوان کردنی بڕبونەوەی ئەو هێڵەی لە ناوێتی تا ژمارە 100% بڕدەبێتەوە دواتر بەرناکەی تایبەت بە دروست کردنی دی ڤی دی دەکرێتەوە کە ئەم بەرنامەیە هەر لەگەڵ پرێمەرا دادەبەزێت ناوی Adobe Encoder CS3 ئەمە روکاری بەرنامەکەیە.





دواتر بۆكسێك دەێتە پێشەوە كە بە دوو هێڵ بڕدەبێتەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





دواتر بۆكسێك دێتە پێشەوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



بەکلیك کردن لەسەر Cancel سی دی کۆمپیوتەرەکە دەکرێتەوە داوای دی ڤی دی بەتاڵ دەکات دی ڤی دی یەکی بەتاڵ دەخەینە ناو دی ڤی دی یەکەکەی کۆمپیوتەرەکەمانەوە ئەم شێوەیە روکاری بەرنامەکە دەکرێتەوە بۆمان.




بە کلیك کردن لەسەر Build ئەوەی لەسەر وێنەکە لە ناو بازنەدایە خۆی لەم شێوەیە گرتووە.





١- Format: لەم بەشە دەتوانین DVD هەڵبژێرین.

٢- Output: لەم بەشە دەتوانین بەجەند جۆرێك دایبنێین ئەگەر بە DVD Disk دایبنێین ئەوا راستەوخۆ كۆپی دەكات لەسەر دی ڤی دی یەكە وە ئەگەر بمانەوێت لە ناو فۆڵدەرێك دایبنێین دواتر بیخەینە ناو دی ڤی دی یەوە ئەوا DVD Folder هەڵدەبژێرین كە جەند تایبەت مەندییەك زیاد دەبێت وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە كلیك كردن لەسەر Browse ئەوەی لەناو بازنەكەدایە پەنجەرەیەكمان بۆ دەكرێتەوە.



بە هەڵبژاردنی ئەوشوێنەی خۆمان دەمانەوێت هەڵی دەبژێرین دوواتر OK دەکەین دەبینین لە بەشی Browse ئەو شوێنە دیاری کراوە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





٣- Create Using: لەم بەشە current Project هەڵبژێرین.


٤- Record: ئەگەر بمانەوێت راستەوخۆ کۆپی بکاتە سەر دی ڤی دی یەکە لە بەشی Output دا DVD Disk مان هەڵبژادبوو ئەوا جۆری دی ڤی دی کۆمپیوتەرەکەمان هەڵدەبژێرین.

٥- Number Of Copies: لەم بەشە ئەگەر جەند کۆپیمان بوێت دیاری دەکەین تەنها بە نوسینی ژمارەکەی.

٦-Build: بە کلیك کردن لەم بەشە دەتوانین لە کارەکەمان بەردەوام بین بۆ دروست کردنی دی ڤی دی ئەم بۆکسە دێتە پێشەوە.





بە کلیك کردن لەسەر View ئەم پەنجەرەیە دێتە پێشەوە.





بە کلیك کردن لەسەر Start دواتر کلیك دەکەین لە هێمای دەرچوون لەم پەنجەرەیە.

دووبارە کلیك دەکەین لە Build بە هەمان شێوەی پێشوو بۆکسەکەمان بۆ دێتە پێشەوە.





ئەم جارەیان کلیك لەسەر Ignore and Continue دەکەین ئەگەر ئەم دی ڤی دی بەتاڵ مان دانابوو لە ناو دی ڤی دی یەکە ئەوا ئەم بۆ کسە دێتە پێشەوە داوای دی ڤی دی بە تاڵ دەکات وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.




بە دانانی دی ڤی دی بە تاڵ لە ناو شوێنی تایبەت بە دی ڤی دی لە کۆمپیوتەرەکەمان دواتر OK دەکەین دەبینین کارەکەمان بەردەوام دەبێت ڤیدیۆ کە دەچێتە ناو دی ڤی دی یەکەوە دەتوانین بە شێوەی ڤیدیۆ بیبینینەوە.


وە ئەگەر بمانەوێت سەرەتا لە ناو کۆمپیوتەرەکەمان ئامادەیبکەین دواتر بە هەر بەرنامەیکی کۆ پی کردن بێت دەتوانین بیخەینە ناو دی ڤی دی یەوە وەك لە شێوەی پێشوو باسم کرد لە Output دا DVD Folder هەڵدەبژێرین بە کلیك کردن لەسەر Build بە هەمان ڕێگاکانی پێشوو تادەگەینە ئەم بۆکسە.





تا ئەو دوو هێڵەی سەر بۆکسەکە بڕدەبێتەوە دواتر کلیك OK دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە.





دوواتر دەچینە ناو ئەو فۆڵدەرەی دامانابوو دەیخەینە ناو دی ڤی دی یەکەوە بە هەر بەرنامەیەکی کۆپی کردن بێت کە بەم شێوە ئامادەیە.




-٣ لەم بەشە دەتوانین بە هەر جۆرێك بێت كارەكەمان پاشەكەوت بكەین بۆ سەر دی ڤی دی بێت یاخود بۆ سەر سی دی بێت سەرەتا دەچینە File لە هێشەوە كلیك لەسەر Adobe media Encoder دەكەین بە جۆرەی لای خوارەوە.




دوای كلیك كردن لەسەر Adobe media Encoder ئەم پەنجەرەیە دێتە پێشەوە.




١- Format: لەم بەشە بە کردنەوەی چەند بەشێك مان بۆ دەکرێتەوە دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان دانەیەك هەڵبژێرین بۆ سی دی یا خود دی ڤی دی من لەم نمونەیە MPEG1 م هەڵبژاردووە بە کرنەوەی ئەم جۆرانە دەکرێتەوە.





٢- Range: لەم بەشە Entire Sequence هەڵدەبژێرین.


٣- Preset: لەم بەشە NTSC Standard هەڵدەبژێرین.

٤- لە بەشی Basic Video Sitting ئەگەر كليك نەكرابوو لەسەر NTSC ئەوا كليك دەكەين NTSC هەڵدەبژێرین.

٥- كليك لەسەر OK دەكەين پەنجەرەيەكمان بۆ دەكرێتەوە وەك ئەم وێنەيەی خوارەوە.




لەو پەنجەرەيەی سەرەوەدا دەتوانين شوێنی هەڵگرتنی و ناوی ڤيديۆ كە بنوسين دواتر كليك لەسەر Save دەكەين ئەم بۆكسە دێتە پێشەوە بۆ مان.




تا ئەو هێڵەی ناوەڕاست پڕ دەبێتەوە بە تەواوەتی تا ژمارە 100% ئەوجا کارەکەمان کۆتای پێ دێت دەتوانین کارەکەمان وەك شێوەی ڤیدیۆ ببینینەوە ئەمەش شێوەی ئایکۆنەکەیەتی بە پالپشتی MPEG1 پاشەکەوت کراوە.




# چۆنییەتی پاشەکەوت کردنی بەشێوەی وێنە ..


ئەم بەشە تایبەتە بە پاشەکەوت کردنی کارەکەمان بەشێوەی وێنە کاتێك تیرە سوورەکەی سەر ڤیدیۆکە ببەینە هەر شوێنێك ئەوا دەتوانین ئەو شوێنە وەك شێوەی وێنە پاشەکەوتی بکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.





بۆ پاشەکەت کردنی دەچینە File لەوێشەوە دەچینە Export کلیك لەسەر Frame دەکەین وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە.



بە کلیك کردن لەسەر Frame ئەم پەنجەرەیە مان بۆ دەکرێتەوە.





لەو پەنجەرەیەی سەرەوەدا دەتوانین شوێنی هەڵگرتنی و ناوی وێنەکە بنوسین دواتر کلیك لەسەر Save دەکەین دەبینین ئەو شوێنەی تیرە سورەکەی یان ئەو هێڵەی لە سەر ڤیدیۆکەیە ئەوە تەنها ئەو فرەیمە پاشەکەوت بووە بە وێنە ئەمە شێوەی ئایکۆنەکەیەتی.




## چۆنییەتی پاشەکەوت کردنی تەنها دەنگ ..


لەم بەشە دەتوانین هەردەنگێکمان هەبێت لەگەڵ هەر ڤیدیۆیەك بێت دەتوانین تەنها دەنگەکەی پاشەکەوت بکەین ئەویش سەرەتا دەچینە File دواتر Export لە وێشەوە Audio هەڵدەبژێرین بەم شێوەیەی خوارەوە.




بە کلیك کردن لەسەر Audio ئەم پەنجەرەیە دێتە پێشەوە.




لەو پەنجەرەیەی سەرەوەدا دەتوانین شوێنی هەڵگرتنی و ناوی ڤیدیۆ کە بنوسین دواتر کلیك لەسەر Save دەکەین ئەم بۆ کسە دێتە پێشەوە بۆ مان.




تا ئەو هێڵەی ناوڕاست پڕ دەبێتەوە بە تەواوەتی تا ژمارە 100% ئەوجا کارەکەمان کۆتایی پێ دێت بەشێوەی دەنك پاشەکەوت دەبێت ئەویش شێوەی ئایکۆنەکەیەتی.




========================================================

# Adobe Premiere CS3